IRAQI Academic Scientific Journals
المجلات الأكاديمية العلمية العراقية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# The word formation methods, related to the social and language changes

**Dr. Aso Abdulrahman Karim** *
**Dept. of Kurdish Language, Collage of Education, Salahaddin University**
**E-mail: aso.baban@su.edu**
-----------------------------------------------------------------------------------------------

**Dr. Mustafa Raza Mustafa. Dept. of Kurdish Language, Collage _language and Education , Charmo University**
**E-mail:Mustafa.mustafa@charmouniversity**

**Keywords:**
- social and language cha
- language change
- the word formation methods
- the word formation methods
-language lexicography

**Article Info**

**Article history:**

**Received: 16-1-2021**
**Accepted: 3-2-2021**

**Available online**

## Abstract

In this paper, we want to focus on two important concept of linguistics. In relevance of the levels of lexicography and morphology, which are social and language changes and the methods of word formation. In the intention of enriching and fill up the word necessity of the utters of language. It is obvious that this process is as a result of perturbation and instant changes which its waves are outside the language and society. It has effect on the lexicography and language changes.

* **Corresponding Author**: Aso Abdulrahman Karim , **E-Mail**: aso.baban@su.edu
**Tel:** +96477067289219 , **Affiliation**: Department of Kurdish language _ collage of Education _ Salahaddin University – Iraq

# عملية/طرق صياغة الكلمة، المتعلقة بتغيرات الاجتماعية – اللغوية لتعبئة الاحتياجات الكلمية للمتكلمين

**د. ئاسؤ عبد الرحمن كريم _ جامعة صلاح الدين**

**د. مصطفى رزا مصطفى _ جامعة كرميان**

| **الكلمات الدالة:-** | **الخلاصة:** |
| --- | --- |
| - گۆڕانی کۆمەڵایەتیی<br>- گۆڕانی زمانیی<br>- ڕێگاکانی دروستکردنی وشە<br>- فەرهەنگی زمان<br><br>**معلومات البحث**<br>**تاريخ البحث:**<br>*الاستلام: 16-1-2021*<br>*القبول : 3-2-2021*<br>*التوفر على النت* | نريد في هذا البحث أن نسلط الضوء على مفهومين مهمين في علم اللغة، المتعلق بمستويين المعجمي والصرفي، هما مفهوم (التغيرات الاجتماعية – اللغوية، طرق صياغة الكلمات)، بغرض إغناء والتعبئة احتياجات الكلمية للمتكلمين باللغة الكردية، وهذه نتيجة المعظلة والتغيرات المستمرة، التي أمواجها خارج نطاق اللغة و داخل نطاق المجتمع تؤثر على التغير المعجمي واللغوي. |

## ڕێگاکانی دروستکردنی وشە، پەیوەست بە گۆڕانە (کۆمەڵایەتیی – زمانیی)ەکانەوە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە وشەییەکانی ئاخێوەران

١- د.ئاسۆ عبدالرحمن كريم زانكوی سەلاحەددین/ کۆلیژی پەروەردە/ بەشی کوردی

٢- د.مستەفا ڕەزا مستەفا زانکۆی چەرمووْ/ کۆلێژی پەروەردە و زمان/ بەشی کوردی

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیەدا، بە ناونیشانی ( ڕێگاکانی دروستکردنی وشە، پەیوەست بە گۆڕانە (کۆمەڵایەتیی – زمانیی)ەکانەوە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە وشەییەکانی ئاخێوەران)ە، لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە دەمانەوێت، جەخت بخەینەسەر دوو چەمکی گرنگی زمانەوانی، پەیوەست بە ئاستی فەرهەنگسازیی و مۆرفۆلۆژییەوە، کە ئەوانیش هەردوو چەمکی (گۆڕانی کۆمەڵایەتیی - زمانیی و ڕێگاکانی دروستکردنی وشە)ن، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردن

و پڕکردنەوەی پێویستییە و شەییەکانی ئاخێوەرانی زمان، دیارە ئەمەش لە ئەنجامی ئەو شڵەقان و گۆڕانە بەردەوامەوەیە، کە شەپۆلەکەی لە دەرەوەی زمان و لەکۆمەڵدایە و کاریگەریی دەخاتەسەر گۆڕانی فەرهەنگیی و زمانیی.

واتە لەم توێژینەوەیەدا سەرەتا کار لەسەر گۆڕانەکان بەشێوەیەکی گشتیی و لەناویشیاندا گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت، کە ئەمەش دەبێتە بیویستبووني ڕۆنان و وەرگرتن و خواستن و داهێنانی وشە و زاراوەی نوێ، بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە وشەییەکانی ئاخێوەرانی کوردزمان، پاشان کار لەسەر گرنگترین ڕێگاکانی دروستکردن و ڕۆنانی وشە و زاراوەی نوێ بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیی دەکرێت.

**٠)پێشەکی:**

**١/٠) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

توێژینەوەکە، بە ناونیشانی ( ڕێگاکانی دروستکردنی وشە، پەیوەست بە گۆڕانە (کۆمەڵایەتیی – زمانیی)ەکانەوە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە وشەییەکانی ئاخێوەران)ە، لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی گرنگترین ئەو ڕێگا و شێوازانەی، کە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە وشەییەکانی ئاخێوەرانی زمانی کوردیی لە ئەنجامی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیڕەودەکرێن.

**٢/٠) ڕێبازی** توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە پەیڕەویی لە ڕێبازی پەسنی شیکاریی ، بۆ قسەکردن لەسەر داتا و ئارگۆمێنتەکانی، کردووە، بەپێی پێویستیش لە هەندێک شوێن پەنای بۆ ڕێبازی بەراوردکاریی بردووە.

٣/٠) ئامانجی توێژینەوەکە: : پەیوەست بە ڕێبازێکەوە لە زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە هەوڵدراوە دووخاڵ وەک ئامانجی توێژینەوەکە تیشکی بخرێتەسەر و جەختی لێبکرێتەوە، کە ئەوانیش:

(ا) قسەکردن لەسەر چەمکی گۆڕانیی کۆمەڵایەتیی - زمانیی و پەیوەندی و کارلێکی نێوان (گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و پێویستییە حەتمییەکانی (ڕۆنان و وەرگرتن و خواستن، ...تاد)ی وشەی نوێ بۆ فەرهەنگی زمان)، (ب) لەسەر بنەمای خاڵی یەکەم هەوڵدراوە گرنگترین (ڕێگا/پڕۆسەکانی ڕۆنان و وەرگرتن و ...تاد) وشەی زمانی کوردیی بخرێتەڕوو، ئەمەش بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان.

٤/٠) گرنگی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا، دەمانەوێت، جەخت(focus)، بخەینەسەر دوو چەمکی گرنگی زمانەوانی لە زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە، پەیوەست بە ئاستی فەرهەنگسازیی و مۆرفۆلۆژییەوە، کە ئەوانیش هەردوو چەمکی (گۆڕانی کۆمەڵایەتیی - زمانیی و ڕێگاکانی دروستکردنی وشە)ن، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردن و پڕکردنەوەی پێویستییە وشەییەکانی ئاخێوەرانی زمان، دیارە ئەمەش لە ئەنجامی ئەو شڵەقان و گۆڕانە بەردەوامەوەیە، کە شەپۆلەکەی لە دەرەوەی زمان و لەکۆمەڵدایە و کاریگەریی دەخاتەسەر گۆڕانی فەرهەنگیی و زمانیی.

٥/٠) سنور و داتای توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە پشــتی بە نموونەی داتای وەرگیراو و بەکارهێنراو لە شــێوەی ئاخێوەرانی زاری ناوەڕاســتی زمانی کوردیی بەســتووە، بەپێی پێویســتی پار و بەشــەکانیش نموونە و داتای زمانی بێگانەی لە بەشی تیۆریی بەکارهێناوە.

**٦/٠) ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە: لە پاری یەکەمی بەشـــی یەکەمدا، گۆڕانی کۆمەڵایەتیی – زمـانیی و چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی – زمـانیی، کە خۆی لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییـانەدا دەدۆزێتەوە، کە ئەو چەمکەی لە دەرەوەی زمـانـدایە خراوەتەڕوو، لە پـاری دووەمـدا، گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکـان وێنەدانەوەیـان لە زمـانـدا بە وشـــە و زاراوەی نوێ لە ڕوانگەی زمـانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە دیاریکراوە.

لە بەشی دووەمدا، لە پاڵ بەشی تیۆریدا ڕێگا و ڕێکارەکانی دروستکردنی وشەی نوێی لە زمانی کوردیدا بە نموونە خستووەتەڕوو، لەم بەشەدا نموونەی دروستکردنی وشەی نوێ لە زمانەکانی تر بەراورد بە چۆنییەتی دروســـتبوونی لە زمـانی کوردی هێنراوەتەوە، بۆئەوەی وێنەیەکی بەراوردکارانە بە ڕێبازی توێژینەوەکە ببەخشێت.

لە کۆتـایی توێژینەوەکەشـــدا، گرنگترین ئەنجامە بەدەســـتهاتووەکـانی توێژینەوەکە و پوختەی توێژینەوەکە، بە زمانەکانی ئینگلیزیی و عەرەبی و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

**١)گۆڕانی کۆمەڵایەتیی – زمانیی:**

زمان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و هۆکارێکی سەرەکییە لە پرۆسەی پەیوەندییکردن و گەیاندنی پەیامەکان لەنێو تاکەکانی کۆمەڵدا، لە بەرامبەریشـدا کۆمەڵ سـەنتەری بەکارهێنان و گەیاندنی زمانە، بۆیە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە." (برزۆ و حەمیـد،٢٠١٧: ٢٣٨)، واتە زمـان وەک دیـاردەیەکی کـۆمەڵایەتـیی دەربڕی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکـانە، چونکە " زمـان ئـامێرێکە بەدەســـت مرۆڤەوە، بەردەوام لە بەکارهێناندایە. هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ بەکاریاندەهێنێت ئارەزووی ئەوەیان تێدایە لە دۆخێکدا نەمێننەوە و گۆڕانیان بەســـەردا دێت، گۆڕانی زمانیش هاوشـــانی گۆڕانی (کلتور و بواری کۆمەڵایەتی و جلوبەرگ و جۆری ژیـان .... تـاد)ە، هەر گۆڕانێـک لە زمـانـدا ڕوودەدات پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە." (ئەحمەد، ٢٠١٦، ٥٦)، لەســـەر ئەو بنەمـایەی، کە پەیوەنـدییەکی بەهێز لەنێوان چەمکەکـانی (گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکـان و گۆڕانە زمانیی)ەکاندا هەیە ئەمەش وایکردووە، کە وێنەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی لە ئاوێنەی زماندا و لە ڕێگای یەکە زمانییەکانەوە ڕەنگبداتەوە و خۆی دەربخات، لەبەرئەوەی ( هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان، دەگۆڕێن. گۆڕان پێداویســـتیەکی ژیانە. زمان وابەســـتەیە بە مرۆڤەکانەوە، لەو جێیەی مرۆڤی لێ نییە زمانیش نییە. چونکە مرۆڤەکان بەردەوام لە گۆڕاندان، ئەوا زمانەکەشـــیان بەپێی کات و ســـەردەمەکان دەگۆڕێ.) (کریســـتاڵ،٢٠٢٠: ١٧٧)، لەســـەر بنەمـای ئەو بۆچوونەی (کریســـتـاڵ)، کە پێی وایە بەهۆی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکـان و ئەو ڕووداوانەی، کە لە ژیانی مرۆڤەکاندا چێدەبن، ئەمانە دەبنە فاکتەری دروســـتبوونی گۆڕانگاریی لە بوارە جیـاوازەکـانی ژیـانی مرۆڤەکـانـدا، هەربۆیە لەســـەر ئەو بنەمـایە گۆڕانی زمـانییش ڕوودەدات، هەرلەم ڕوانگەیەشـەوەیە، کریسـتاڵ ئەو پرسـیارە دەکات، کە (بۆچی گۆڕانکاری لە زماندا بەدی دێ؟)، لە وەڵامدا دەڵێت: " هەندێک جار هۆکارەکە ئاشکرایە. ئەگەر شتێکی نوێمان دروسـتکرد، گومان نیە دەبێ ناوی لێ بنێین، لێرەوە وشـەیەکی نوێ دەچێتە ناو زمانەکەمانەوە." (سـەرچاوەی پێشـوو،،٢٠٢٠: ١٧٧)، کەواتە ئەگەر تەماشـابکەین سـەرچاوەی گۆڕانی زمانیی، گۆڕانی کۆمەڵایەتییە، بۆیە ئێمە دەمـانەوێـت لە دەرگـای گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکـانەوە بچینە نـاو

گۆڕانە زمانییەکانەوە و باســی ڕێگا/پرۆســەکانی دروســتکردنی وشــەی نوێ بکەین، هەربۆیە کاتێک باســی چەمکی گۆڕانی زمانیی دەکرێت، بۆ دوو لقی ســەرەکی پۆلێندەکرێت، کە ئەوانیش (ا) گۆڕانی ناوەکیی و (ب) گۆڕانی دەرەکین، کە یەکەمیان شــەپۆلەکەی لەناو زمان خۆیدایە و لە دەرەوەی چێوەی (ئەم توێژینەوەیە)دایە، بەڵام دووەمیان، کە فاکتەرەکانی ناو (کۆمەڵ)ە، لەوانە: (ئابووریی، ڕۆشــنبیریی، تەکنەلۆژیی، ئاینیی، ڕامیاریی، ...تاد)، کاریگەری لەســەریان هەیە و شــەپۆلەکەی لەناو کۆمەڵدایە و پەیوەســتە بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەمەیان وادەکات، کە لە ڕێگای وشــە و زاراوەکانی، کە بۆ (دیاردە، شــت، بیر، بابەت)ە نوێیەکان دادەنرێن بێنە ناو زمانەوە، هەروەک چۆن ئاماژەمانپێدا " دوو جۆر گۆڕان لە زماندا هەن، کە ئەوانیش گۆڕانی (ناوەوە و دەرەوە)ن، لەم ڕووەوە کاتێک زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینرێت، لە هەمان کاتیشــدا وەک هەموو دیاردەکانی تری ناو کۆمەڵ دەگۆڕێت، هۆکارەکەشــی ئەوەیە کە دونیابینی مرۆڤەکان بەپێی ســەردەمەکان دەگۆڕێت." (برزو و عەزیز،٢٠١٩: ٨)، هەربۆیە مەبەســت لە چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی – زمانیی، ئەوەیە کە خۆی لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەدا دەبینێتەوە، کە شــەپۆلەکەی لە دەرەوەی زماندایە و لە ڕێگای پرۆســەکانی ناونان و دەربڕینی بیر و دیاردە و بابەتە نوێیەکان بە وشەکانی زمان، گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان لە زماندا دەبیننەوە.

**١/١)گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان وێنەدانەوەیان لە زماندا بە وشە و زاراوەی نوێ:**

ئەگەر لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە تەماشــای زمان بکەین، ئەوا هەردوو چەمکی (زمان، کۆمەڵ) دوو چەمکی پەیوەســتن پێکەوە و کاریگەریی گەورەیان لەســەر یەکتر هەیە، چونکە بەپێی ئەو توێژینەوانەی، کە لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و کۆمەڵ و کاریگەریی و کاردانەوەکانی ئەم دوو چەمکە لەســەر یەکتر کراون، ئەوا بەڕوونی ئەوە دەردەکەوێت، کە زمان و کۆمەڵ دوو گۆڕاون، کە دەتوانین بڵێین بە جۆرێک لە جۆرەکان دوو ڕووی دراوێکن، چونکە نە زمان بەبێ کۆمەڵ و نە کۆمەڵیش بەبێ زمان بوونێکی کۆنکرێتی کاریگەری دەبێت، هەربۆیە " گۆڕانکارییەکانی ژیان، بەردەوام وشــەی نوێ دێنێتە کایەوە، ئەم هاتنەکایە یان لە ڕێگای پرۆســە مۆرفۆلۆژییەکانی ناو زمانەکە خۆی دەبێت، یان بە خســتنەپاڵیەک و لێکدانی مۆرفیمەکان یان بە وەرگرتنی وشــە لە زمانانی دیکە دەبێت بۆ بەرهەمهێنانی وشــەی نوێ." (کانەبی و قادر، ٢٠١٨: ٦٠)، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە ئەگەر باســی ڕووداوەکانی دوای شــەڕی گروپی تیرۆریستی (داعش) بکەین، کە لەگەڵ خۆیدا چەندین کێشــەی بۆ ناوچەکە هێنا و بووە هۆی دروســتبوونی چەند گۆڕانکارییەک لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵدا، ئەم گۆڕانکارییانەش لە ڕێگای وشــەکانی زمانەوە لە زمانی کوردییدا ڕەنگیاندایەوە، وەک دروستبوونی قەیرانی دارایی، کە وشەکانی: (پاشــەکەوت، لێبڕین، بایکۆت، نیومووچە، ڕوبعە مووچە، وەرزەمووچە، ...تاد) هێنایە ناو فەرهەنگی زمانەوە، یاخود پەتایەکی جیهانیی وەک (کۆرۆنا – covid19)، کە وشــەکانی وەک: (کۆرۆنا – covid19، کۆرۆنا،covid19 ، ڤایرۆســی کۆرۆنا، ڤایرۆســی covid19، کۆڤید١٩ covid19 ، کەرەنتینە،...تاد)، هێنایە ناو زمانەوە، یاخود هەندێک لە وشەکان پێشتر لە زمانەکەدا هەبوون و ئەم پەتایە وشەکانی جارێکی تر چالاککردەوە وەک: (خۆپاراستن، ماسکبەستن، تێکەڵنەبوون، خۆبەدوورگرتن، تەوقەنەکردن، خۆبەدوورگرتن، کۆرۆنا، ...تاد)، ، ئەمە جگە لەوەی کۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی، ڕۆشنبیریی، ئابووریی، ...تاد ژیانی مرۆڤەکانی گۆڕی، (ئەمانە) وەک ڕووداوێکی بەهێز و گرنگ و کاریگەر هێڵێکی جیاکەرەوەی لەنێوان پێش و دوای پەتاکەدا کێشا، زیاتر ڕوونکردنەوە لەســەر گرنگی ڕۆڵی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان لەســەر گۆڕانە زمانییەکان، کاتێک کە گۆڕانێک لە کلتوری خواردن، جلوبەرگ ...تاد نەتەوەی کورددا ڕوودەدات، ئەوا ڕاســتەوخۆ ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە لە ڕێگای وشــە زمانییەکانەوە دێتە ناو فەرهەنگی وشــەکانی زمانی کوردییەوە، بۆ نموونە بەهۆی کرانەوەی هەرێمەکەمان بە ڕووی وڵاتانی دەرەوەدا دەیانجۆری خواردنی

ڕۆژئاوایی و بێگانە هاتوونەتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە، کە ئەمەش سەرەتا لە ڕێگای گۆڕانی کۆمەڵایەتیی کلتوری خواردنی کوردەوە دروستبووە، وەک خواردنەکانی: (پیتزا، فینگەر، هەمبەرگر، شاورمە، چلفرا، موقەبیلات، پاستا، دۆنەر، ...تاد)، یاخود بەهۆی گۆڕانە خێراکانی ناو کایەی تەکنەلۆژیای زانیاریی و بە تایبەت بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانی ڕۆژانەی تاکی کورد، وەک تاکێکی کۆمەڵایەتیی بۆ ئەو تۆڕانە، بێگومان پێویستییان بەوە دەبێت بۆ دروستکردنی پەیوەندیی و باسوخواس سەبارەت بەو تۆڕانە و چالاکییەکانی ناو ئەو تۆڕانە، یان دەبێت وشەی نوێ بۆ هەر یەکێک لە (کردە – act)ێکی ناو ئەو تۆڕانە بدۆزنەوە لە زمانی کوردییدا، یاخود پێویستە وشە بێگانەکە، کە زیاتر هی زمانی ئینگلیزییە وەک خۆی یان بە دەستکارییەوە وەریبگرن، وەک وشەکانی: (کۆمێنت/تێچێن، لایک/ بەدڵبوون، شەیرکردن/هاوبەشییکردن، مەسج/نامە/پەیام، تویت، تویتەر، فەیسبووک، ماسنجەر، سناپچات، تیک تۆک، وەتس ئاپ، ڤایبەر، ئینستاگرام، فۆڵۆو، فۆڵۆوەر، ئەکاونت/هەژمار، فرێند/هاوڕێ، ئیمۆجی، پۆست/بڵاوکردنەوە، سێند/ناردن، دیلەیت/سڕینەوە، ...تاد).

## ٢/١) پەیوەندی زمان و گۆڕانەکانی کۆمەڵ:

لە ڕاستیدا، کاتێک ئێمەی مرۆڤ گەواهی ئەو هەموو گۆڕانە خێرایەی نێو کایە جیاوازەکانی ژیانین، لە هەموو بوارەکاندا تەنانەت جاری وایە مرۆڤ لەتوانستیدا نییە چ لەڕووی کاتەوە، چ لەڕووی ماددیی و ئابوورییەوە بێت دەستی بە هەموو ئەم گۆڕانانە ڕابگات، بۆیە ناچاردەبێت جۆرێک لە دواکەوتنی پێوەدیاربێت، بێگومان مرۆڤ بەسروشت وایە، کە حەزوئارەزوی لە نوێبوونەوەو گۆڕانکارییە لەسەرجەم بوارەکانی ژیانییداو دەیەوێت لەڕێگای ئەو هەوڵ و تێکۆشان و تەڵاشە بێوچانەیەوە لە پێناوی گۆڕان و گۆڕانکارییدا جێدەستی دیاربێت و نەخشی ژیانی داهاتووی بەشێوازێکی باشتر بکێشێت و خۆی لە هەموو ئەو بارو سترێسانە ڕزگاربکات، کە وای لێدەکەن ڕێگای بەرەوپێشچوون و گۆڕانی لێبگرن، هەر لەم ڕووەشەوەیە، دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکی بەهێزو تەواوکارانە لەنێوان زمان و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، هەربۆیە " بەپێی کارەکانی چۆمسکی و قوتابخانەکەی هەر گۆڕانێک کە لەزماندا ڕوودات بەستراوە بە توانای مرۆڤەوە کە بەهۆی چالاکی قسەکردنەوە ڕوودەدات." (محەمەد،١٩٩٠: ١٢)، یاخود (ساپیر)ی زمانەوان پێی وایە: " زمان دیاردەیەکی داینامیکی گۆڕاوەو بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا دێت." (سەعید،٢٠١٢: ٦٦)، هەر لەمبارەیەشەوە (وریا عومەر ئەمین) دەڵێت: " زمان دیاردەیێکی مەنگ و وەستاو نییە. سیستەمێکی دینامیکییە. هەرگیز وەک خۆی نامێنێ. هەمیشە، لە هەموو ئاستەکانیدا (فۆنەتیکی – فۆنۆلۆجی – مۆرفۆلۆجی – سینتاکسی – سیمانتیکی – پراگماتیکی) لە جووڵەو گۆڕینێکی بەردەوامدایە." (٢٠١٤: ٧). جا گۆڕانەکانیش بەپێی تایبەتمەندیی بواری کارکردن و ڕادەی توانست و لێهاتوویی بزوێنەری گۆڕانەکان، چ بزوێنەری مرۆیی، یان پاڵنەری سروشتی و کۆمەڵایەتی بن، ئەمانە هەموو ڕۆڵ و دەوریان لە نەخشکردنی گۆڕانەکاندا هەیە.

هاوکات یەکێک لە خاسیەتە گرنگەکانی مرۆڤ، کە ویستی گۆڕانکارییە لەژیانی تایبەتی و گشتییدا، لەو شوێنانەوە دەستپێدەکات، یان دەست بۆ ئەو جومگانە دەبات، کە پێیوایە پێویستیان بە نوێبوونەوەو گۆڕان هەیە، جا جومگەکان، جومگەی (جڤاکیی، ڕامیاریی، ئابوریی، ڕۆشنبیریی، پەروەردەیی، ئاینیی،...تاد.)بن، بۆیە لە هەموو ئەم گۆڕانانەشدا ئەوەی پەیوەستە بەزمانەوە بریتییە لە پێناسەکردن و ناونان و دەربڕینی گۆڕانەکان، یاخود بەجۆرێکی تر کاری زمان بریتییە لەخاڵ خستنەسەر پیتی گۆڕانەکان، هەربۆیە لێرەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان زمان و کۆمەڵ و گۆڕانەکۆمەڵایەتییەکاندا دێتە ئاراوە، چونکە " زمان هێزێکە خۆی لە گۆڕاندایە و تەنانەت زۆرجار بەپێی ئەو کەشەی تێیدا بەکاردێت گۆڕانی بەسەردا دێت." (کاکل، ٢٠١٢:

١٥٤)، هەروەها سەبارەت بەو گۆڕانانەی، کە لەزماندا ڕوودەدەن. بەپێی بیردۆزەی " وزە بەفیڕۆنەدان، هەموو ئەو گۆڕانانەی، کە لە زماندا ڕوودەدات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئارەزووەی کە لەمرۆڤدا هەیە بۆ ئاسانکردنی دەربڕین، بەواتایەکی تر هەموو گۆڕانێک بەمەبەستی سووککردنی ئەم ئەرکەیە، کە دەکەوێتە سەر ماسولکەکانی ئەندامانی ئاخاوتن." (سەرچاوەی پێشوو:١٣).

کەواتە چەمکی گۆڕان، چەمکێکی چالاک و زیندووە لەبواری زمانناسیداو توند بەم کایە گرنگەوە گرێدراوە، لەبەرئەوەی " زمان وەک زۆربەی دیاردە سروشتییەکان، بە تێپەڕبوونی کات بەردەوام گۆڕانکاریی بەخۆوە دەبینێت." (نەریمان،٢٠٠٨: ٢٢)، پێویستە ئەوەش بڵێین " زمانەکان ملکەچی دەستوورو یاساکانی زمانگۆڕکێی مێژوویی زمانن و کەرەستەو بابەتی ئەو گۆڕانکارییانەن لەو ڕووەوە تیۆری ڕوونکەرەوە دەربارەی گۆڕینی زمان لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بەدەست دەخەن." (مەحوی، ٢٠٠١: ٧٠)، هاوکات ئەوەی وا دەکات، کە گۆڕان لەزماندا وەک شتێکی حەتمی و پێویستی لێبێت، بریتییە لەگەشەو گۆڕانی زمان لە لایەک و گەشەو گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەلایەکی ترەوە، واتە بەگشتی لە زماندا دوو جۆرە گۆڕان ڕوودەدات، کە گۆڕانێکیان لەدەرەوەی زمانەو فاکتەری نازمانی کاریگەریی لەسەر دروستدەکات، بۆ نموونە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، لەڕووی (ئایینی، ڕامیاریی، ڕۆشنبیریی، زانستیی، ژینگەیی، ... تاد.)) زمان ناچاردەکات، خۆی بەپێی ئەو کەش و ئەتمۆسفیرە نوێیە بگونجێنێت، هاوکات گۆڕانەکەی تریان بەپێچەوانەوە هەروەک پێشتر خستمانەڕوو شەپۆلەکەی لە ناوەوەیەو پاڵنەرەکانی، پاڵنەری (خودیی/زاتی)ن، واتە زمانەوانیین، جا ئەم گۆڕانانەش بەپێی ئاستە جیاوازەکانی زمان، لەوانە (دەنگسازیی، وشەسازیی، ڕستەسازیی، واتاسازیی)، دەگۆڕێت، ئەوەی لەم ڕووەوە زیاتر کاریگەری گۆڕانی پێوەدیارە، ئاستی وشەو فەرهەنگی زمانە، چونکە ڕاستەوخۆ گۆڕانە نازمانییەکان دەبنە هۆی شڵەقاندنی فەرهەنگ ئەویش بە لەدایکبوون و هاتنەناوەوەی کەرەسەو داتای نوێی زمانیی، هەروەها ئەم جۆرە گۆڕانانەی زمان دەمانبات بەرەو ئەوەی، بڵێین گەشەو گۆڕانەکانی زمان پێویستن، چونکە ئەوە ئەو جۆرە بزوتنەوەو چالاکییەیە، کە وادەکات زمان بەزیندوویەتی بمێنێتەوەو توانای هەڵکردنی هەبێت لەگەڵ بویەرو واقیعە نوێیەکاندا، هەربۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، بڵێین پەیوەندی نێوان زمان و گۆڕانەکانی کۆمەڵ پەیوەندییەکی تەواوکەرانەیەو هەردوو جەمسەرەکە، چ کۆمەڵ و چ زمانیش پێویستیان بە یەکتر هەیە، کۆمەڵ لەو ڕووەوە پێویستی بە زمان هەیە، بۆ دووبارە بیناکردنەوەی کەسێتی خۆی و گەشەسەندنی هزرو بیریی، تا لەو ڕێگایەوە پەیوەندییە جڤاکییەکان لەسەر بنەمایەکی زانستیی و سەردەمیانە ئاوا بکات، هاوکات زمانیش پێویستی بە کۆمەڵ و گۆڕانەکانی دەبێت، تا وەک زمانێکی زیندو بمێنێتەوە، بەپێچەوانەوە دەبێتە زمانێکی مردوو، مەگەر تەنها لە دووتوێی نوسراو و فەرهەنگەکاندا وشە و کەرەسەی زمانیی بمێنێتەوە.

کەواتە پاش خستنەڕوی پەیوەندی نێوان چەمکەکانی (گۆڕان و کۆمەڵ و زمان)، ئەوەمان بۆ ڕوونبووەوە، کە پەیوەندییەکی تەواوکەرانە لەنێوانیاندا هەیە، چونکە کۆمەڵ لە سەرجەم کایە جیاوازەکانی ژیاندا، بەردەوام لە گۆڕان و نوێبونەوەدایە و لە هەوڵی باشترکردنی ژیان و پێداویستییەکانی ژیان دایە، بێگومان زمانیش وەک ئەبزارێکی گرنگ بەدەست تاکەکانی کۆمەڵ و بۆ دروستکردنی پەیوەندی و ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی و بەردەوامیەتدان بە ژیان و مانەوەی وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی، پێویستی بە زمان هەیە، دیارە زمانیش بۆ هەڵکردن و مانەوەی لەناو کۆمەڵدا پێویستی بە داڕشتن و دروستکردن و وەرگرتنی داتای نوێی زمانی هەیە، کە ئەوانیش خۆیان لە وشەکانی زماندا دەبیننەوە، هەربۆیە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ چەندین ڕێگای جیاواز دەگیرێتەبەر بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕی و کەلێن و بۆشاییی فەرهەنگی زمان و دابینکردنی پێویستی ئاخێوەران، هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە ئێمە هەوڵدەدەین گرنگترین پرۆسە مۆرفۆلۆژیی و ڕێگایانە بخەینەڕوو، کە دەوریان هەیە لە زەنگینکردنی گەنجی وشەی

زمانەکەماندا و وشـــەی پێویســـت بۆ ئاخێوەری کوردزمان لەڕێگایانەوە دابیندەکرێت، کەواتە گرنگترین ئەو ڕێگـایـانەی، کە فـاکتەری دەوڵەمەنـدکردنی فەرهەنگی زمـانن بریتین لەمـانەی خوارەوە.

٢) ڕێگا و ڕێکارەکانی دروستکردنی وشە:

زمانە زیندووەکانی جیهان، بۆ دەربازبوون لە وشـــکبوونی وشـــە، یان هەژاریی وشـــە، ئەوا خۆیان بە کەنای شـــاڕێگەی مانەوەیان دەگەیەنن، بۆ ئەو مەبەســـتەش ڕێگاکانی دروســـتکردنی وشەی نوێ دەکەنە هێزی بە گەنجبوونیان و وەڵامی پێویستییەکانی کۆمەڵ لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە بە دەستەبەرکردنی وشە و زاراوەی نوێ دەدەنەوە، لەم تێڕوانینە زمانییەوە زمانی کوردیی دروســـتکردنی وشـــەی بە گۆڕانی کۆمەڵەوە بەســـتووەتەوە و چەنـدین ڕێگـای بۆ دروستکردنی وشە بە پرۆسە کردووە، لەم بەشەدا ڕێگەکانی دروستکردنی وشە دەخەینەڕوو.

١/٢) ڕێگاکانی/ (پرۆسە) دروستکردنی وشە:

ئاخێوەری هەر زمانێک دەخوازێت زمانەکەی بە بڕشـــت و دەوڵەمەندبێت و ببێتە تاکێکی زینـدو و چـالاکی نـاوکۆمەڵ، کۆمەڵیش هەمـان خواســـتی لە بزێویکردن و بەشـــداریکردن و خۆدەرخستنی بەرامبەر بە زمان و کۆمەڵی تر هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش زمان و کۆمەڵ خۆیان لە دیوی چەقبەســتوویی دەترازێنن و بە شـــەقڵی گۆڕان تەکان بە مانەوەیان دەدەن و ڕێگاو ڕێکاری وشـــەدروســـتکردن دەکەنە پردی پەڕینەوەیان، بۆیە هەموو "زمانە ســـروشـــتییەکان بە کۆمەڵە ڕێگایەک هەوڵدەدەن پێداویستی ئاخێوەرانی زمانەکانیان پڕبکەنەوە و وشـەی نوێ دروسـتبکەن، لەبەرئەوەی ژیـان و دەوروبەری مرۆڤ بەردەوام لە گۆڕاندایە، بۆیە زمـانەکـان هەوڵیـانداوە بە هەندێ ڕێگا خۆیان لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە بگونجێنن." (محمد و هاشم، ٢٠٢٠: ٧٠)، هەر لەم ڕووەشـــەوەیە، کە ســـیمایەکی گرنگ و بنەڕەتیی زمانی مرۆڤ، بریتییە لە توانای داهێنان و دروسـتکردنی وشـەی نوێ. بە تایبەت لە پۆلەکانی: (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار)، واتە لەو وشانەی، کە پێیان دەوترێت پۆلەکراوەکان (content words) (فارغ و أخرون، ٢٠٠٦: ١٣١).

کەواتە زمان وەک دیاردەیەکی دانەبڕاو لە کۆمەڵ و پەیوەست پێوەی، وەک ئەبزاریەکی گرنگ لەلایەن کۆمەڵ و تاکەکانییەوە بەکارهاتووە و بەکاردەهێنرێت، بۆ پڕکردنەوەی پێداویســـتییەکانی ئاخاوتن و بەردەوامیەتدان بە پرۆسـەی پەیوەندییکردن و خۆگونجاندن لەگەڵ پێشـهات و بوویەرە نوێیەکـانی ژیـانـدا، هەر لەم ڕوانگەیەشـــەوەیە ئـاخێوەرانی زمـان بەردەوام لە هەوڵدابوونە بۆ دروستکردن و داهێنان و ناونانی کەرەسەو دیاردەو بیری نوێ بە وشـەکانی زمان، بۆیە کاتێک، ئاخێوەری زمانێک ویســـتوویەتی بیرێکی نوێ، یاخود بابەتێکی نوێ ناوبنێت و واقیع پۆلبکات و دەوروبەر دەربڕێت، زیاد لە ڕێگاو شێوازێک لەبەردەستیدابووە، بەڵام چالاکیی و شیاوێتی ڕێگاو شـێوازەکان جیاوازبوونەو هەوڵیداوە کامەیان بە بیروبۆچوون و تێڕوانینی خۆی گونجاوە، یاخود کامیان یارمەتیدەرە لەڕووی زمانەوانیی و دەروونی و کاتەوە، ئەو ڕێگایەیان زیاتر بەکاربهێنێت، واتە کاری لەســـەر دروســـتکردنی وشـــەی نوێ کردووە، بۆیە ســـەبارەت بە ســـەرچاوەکانی وشەدروستکردن (ئۆلمان) چوار ڕێگای خستووەتەوەڕوو، کە ئاخێوەری زمان دەتوانێت بۆ شایی و کەلێنی کەمیی وشـەی زمانیی پێ پڕبکاتەوە و خۆی لە دەسـت هەژاریی وشـە ڕزگاربکات، کە ئەوانیش: " أ- وشەداهێنان ، ب- وشەڕۆنان ، پ- وشەخواستن (قەرزکردن)، ت- گۆڕانی واتایی وشە."ن (١٩٧٥: ١٣٤).

کەواتە وشـە دروسـتکردن (word formation) بریتییە " لەو لقەی زانسـتی زمان، کە تێیدا ئەو تەرزانە پێکدەهێنرێنەوەو پەسندەکرێن/وەسفدەکرێن، کە بە پەیڕەوکردنیان دروستەی ناوەوەی وشـــەکانی زمان و لەم حاڵەتەدا ئەوانەی وشـــەکانی زمانی کوردیی دروســـتبووەو وشـــەی نوێیش

پێیان دروســـتدەکرێن." (مەحوی،٢٠١٠: ٤٥)، هەر لەم ڕوانگەیەشــەوەیە، ئەگەر بە خێرایی تەماشـــای چەند زمانێکی وەک: (،...ئینگلیزی، عەرەبی، فارســـی تاد) بکەین، دەبینین ڕێگاکانی دارِشتن و لێکدان، پڕبەرهەمترین ئەو ڕێگایانەن، ئاخێوەرانی ئەو زمانانە ویستوویانە فەرهەنگی خۆیانی پێ زەنگین بکەن، بێگومان لە پاڵ ئەم ڕێگایانەشـــدا ڕێگای ترو شـــێوازی تر هەیە، کە دواتر هەوڵدەدەین بە وردی و بەنموونەی زانســتییەوە بیانخەینەڕوو، کەواتە " زمانەکان لەســەر ئەوە کۆکن. کە چەندین ڕێگای جیاواز بەکاربهێنن، بۆ دەوڵەمەندکردن و زەنگینکردنی گەنجی وشـــەکانی زمان." (فارغ و أخرون، ٢٠٠٦: ١٣١)، هاوکات زمانی کوردیش لەم ڕوانگەیەوە بەهەمان شێوەی زمانە زیندووەکانی، کە پێشتر ئاماژەمان بۆیانکرد، هەردوو ڕێگای دارِشتن و لێکدان تیایدا ســـنوورێکی فراوان داگیردەکەن بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنـگ و پڕکردنەوەی پێداویستی ئاخێوەری کوردزمان، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی چەندین ڕێگای تری وەک: (داهێنان، کورتکردنەوە، وەگەڕاوە، وەرگرتن، ... تاد)، بێگومان ئەمەش لە پێناوی بەزیندوویی هێشتنەوەو چالاککردنی فەرهەنگەکەی و توانای هەڵکردنی لەگەڵ پێداویستی ئاخێوەرانیی.

سەبارەت بە ڕێگا/پرۆسەکانی دروستکردنی وشەی نوێ، بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و پڕکردنەوەی پێویســـتییەکانی ئاخێوەرانی زمان، زمانەکان پەنا بۆ چەند ڕێگایەک دەبەن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە هیچ زمانێـک ئەوەی لە توانادا نییە، تەنهـا لە ڕێگای کەرەســــەکانی خۆیەوە سەرجەم پێویستییە وشەییەکانی ئاخێوەرانی خۆی پڕبکاتەوە، بەڵکو هەوڵدەدات:

(ا) لە ڕێگای کەرەســـەی خۆماڵییەوە، واتە لە ڕێگای وشـــە و مۆرفیم و کەرەســـە زمانییەکانی زمانەکە خۆیەوە ئەو کەلێنانە پڕبکاتەوە، کە ئەم ڕێگایەیان زیاتر خۆی لە پرۆسەکانی (دارِشتن و لێکدان و داتاشین، گۆڕانی واتایی)ی وشەی نوێدا دەبینێتەوە.

(ب) لە ڕێگـای پەنـابردن بۆ زمـانـانی هـاوخێزان و بیـانیی، ئەم ڕێگـایەشـــیـان زیـاتر خۆی لە پرۆسەکانی: وشە (خواستن، قەرزکردن، وەرگرتن، وەرگێران، ..تاد)دا دەبینێتەوە.

(پ) لە ڕێگای لە وشــە داهێنان و لەســکەدانی وشــە، ئەمجۆرەشـیان زیاتر پەیوەسـتە بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکـان لە بوارەکـانی (تەکنەلۆژیی، ئـابووریی، ڕۆشـــنبیریی، ...تـاد) کۆمەڵەوە، واتە ڕادەی پێشـــکەوتن و توانای کۆمەڵی ئاخێوەری زمان، تا چەندێک لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە بوارەکانی ماددیی و مەعنەویی توانستی پێشکەوتن و داهێنان و دروستکردن و دۆزینەوەی شت و بابەت و بیرۆکەی نوێیان هەیە، تا لەم ڕێگایەوە بتوانێت ناو لە شـــتە بەرهەمهێنراوە نوێیەکەی بنێت و لە کۆتاییدا ناوەکە وەک وشەیەکی زمانیی بچێتە فەرهەنگی زمانەوە.[1]

کەوابێت ئاخێوەری هەر زمانێک بۆئەوەی بتوانێت، پێداویســـتییە زمانییەکانی خۆی دابینبکات و زمانەکەی دابڕاو نەبێت لەگەڵشـــەو گۆڕانە خێراکانی ئەم قۆناغە، ئەوا پێویســتی بە بەکارهێنان و دۆزینەوەی چەندین شـــێواز و ڕێگای جیاواز هەیە، تا لەڕێگایەوە بتوانێت وشـــەو داتای نوێ بۆ زمانەکەی بەرهەمبهێنێت و بەشـــێوەیەکی گشـــتی زمانەکەی لە ئاســـت خواســـت و ویســـتی ئاخێوەرانیدابێت، هەربۆیە دەمانەوێت گرنگترین ئەو ڕێگایانەی، کە دەبنەهۆی دەوڵەمەندکردن و فراوانبوونی گەنجی وشەکانی زمانی کوردی بخەینەڕوو.

١/٢-١) ڕێگای دارِشتن: Derivation

یەکێـک لە پرۆســـە بەبەرهەم و چـالاکەکـانی زمـانی کوردی لە ڕۆنـان و دروســـتکردنی کەرەســـەی نوێی زمانییدا، بریتییە لە پرۆســـەی دارِشـتن؛ لە ڕێگای ئەم پرۆســەیەوە زمانەوان و شـــارەزایانی ئەم بوارە توانیویانە وشـــەیەکی زۆر بخەنە ســـەر خەرمانی وشـــەکانی زمانەکەمان، لەمبارەیەوە دەتوانین بڵێین وشەدارِشتن: " پرۆسەی دارِشتنی وشەی نوێیە، لە وشەیەکی دیارەوە

لەسەر بنەمای چەندین کێش (موازن)، یاخود فۆڕمێکی زمانی دیاریکراو، وەک لە زمانی عەرەبیدا باوە، یاخود بەبێ بوونی کێشێکی دیاریکراو وەک لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە." (فارغ و أخرون، ٢٠٠٦: ١٣١)، یان وشەدارشتن شێوازی دروستکردنی وشەی نوێیە، لەوشەیەکەوە کە پێشتر بوونی هەبووە، لەوانەیە پۆلی وشەکە بگۆڕێت.

کەواتە پرۆسەی وشە دارشتن بریتییە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و ڕۆنانی وشەیەکی نوێ لەڕووی فۆڕم و واتاوە بۆ فەرهەنگی زمان، ئەم جۆرە بەرهەمهێنانەش لەسەر بنەمای وشە هەبووەکانی زمانەکە دەبێت، بەو واتایەی (لەم ڕێگایەدا وشە و کەرەستەی خۆماڵیی زمانی کوردی بە یارمەتی پێشگر و پاشگر، یان هەردوکیان پێکەوە دادەڕێژرێت و زاراوەی لێپێکدێت و زمانەکەی پێی دەوڵەمەند دەکرێت. (شەهاب شێخ تەیب، ٢٠٢٠: ١٩٠)، واتە ئەم پرۆسەیە داهێنان نییە، بەڵکو دارشتن و بیناکردنە لە کەرەسەی خاوی زمانەکەوە، لەم بارەیەوە (Stagaberg)، دەڵێت: " دروستکردنی وشە نوێکان و تێکەڵکردنی گیرەکە دارێژەرەکانە، یان بەندە بناغەییەکانە لەگەڵ بنەڕەتی وشەکان." (١٩٨١: ١٢١). کەواتە لەسەر بنەمای ئەو بیرەی (stagaberg) دەتوانین بڵێین پرۆسەی وشەدارشتن بریتییە لە پرۆسەی بەکارهێنان و چالاککردنی (گیرەک – affixes)ەکان لەسەر بناغەی وشە هەبووەکانی زمان، بە مەبەستی دارشتن و دروستکردنی فۆرم و واتایەکی نوێ، هاوکات بەکارهێنان و گونجانی گیرەکەکان لەم پرۆسەیەدا بەپێی تایبەتمەندێتی زمانەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە زمانێکی وەک عەرەبی لەم بوارەدا زیاتر پشت بە (کێش – وزن)، پێوانەی وشەکە، یان ناوگر دەبەستێت، کە جیاوازە لە زمانێکی وەک کوردی و ئینگلیزی، پشت بە پێشگرو پاشگر دەبەستن، دوور لەبەکارهێنانی کێش، لەبەرئەوە دەتوانین گرنگی ئەم پرۆسەیە بە بەراورد بەڕێگاو پرۆسەکانی تر لە چەند خاڵێکدا ئاماژەپێبکەین.

١– لە پرۆسەی وشەدارشتندا بەشێک لە کەرەسە زمانییەکان، کە بریتین لە گیرەکەکان بێواتان، بەڵام لەڕێگای ئەم پرۆسەیەوە چالاکدەکرێن و واتا دەبەخشن.

٢– لەڕووی بڕگەییەوە لە شێوازەکانی تر کورتترە، بۆیە ئەمەش لەڕووی ئابووریکردنی(ئیکۆنۆمی) زمان گرنگە، چونکە مرۆڤ کەمتر وزە خەرجدەکات.

٣– بۆ تێگەیشتن لە واتای وشە ڕۆنراوەکان پێویستمان بە زانینی واتای بناغە/ڕەگی وشەکە هەیە، چونکە لە چەندین وشەی دووبارەدا هەر ئەو بناغە/ڕەگەیە، وەک: سەرۆک، سەردار، سەرخێڵ، سەرە، سەرین، سەرباز،...تاد

٤– پرۆسەی دارشتن یەکێکە لە تایبەتمەندیی زمانە ئارییەکان، بۆ نموونە زمانەکانی وەک: (ئینگلیزی، ئەڵمانی، فارسی، کوردی،...تاد)، بە شێوەیەکی چالاک سوود لەم ڕێگایە وەردەگرن، کە ئەمەش پێچەوانەی زمانە سامییەکانی لە نموونەی (عەرەبی و عیبریی)یە، هەربۆیە لە زمانی کوردیدا بەگشتی بۆ دارشتنی وشەی نوێ لە ڕێگای گیرەکەکانەوە (پێشگر و پاشگر) پشت بەم یاسا گشتییە دەبەسترێت.(2)

تێکردە X > دەرکردە Y

باخ + /-ەوان/ > باخەوان

/هەڵ-/ + دان > هەڵدان

یاخود جاری وایە (دەرکردە)ی یاسا گشتییەکەی پێشتر دەبێتە (تێکردە) بۆ (دەرکردە)یەکی تر، وەک:

تێکردە Y > دەرکردە Z

باخەوان + /-ێتی/ > باخەوانێتی

/تێ-/ + هەڵدان > تێهەڵدان

٢-١/٢) ڕێگای لێکدان: Compounding

ڕێگای لێکدان، یەکێکی ترە لە ڕێگا پڕبەرهەم و چالاکەکانی زمانی کوردی، لەسەر بنەمای لێکدانی دوو بناغەی سەربەخۆ، یان بناغەیەکی سەربەخۆو ڕەگێک بە هاوکاری مۆرفیمێکی بەندی لێکدەر، یاخود بەبێ مۆرفیمی بەندی لێکدەر دەدرێنە پاڵیەک و وشەیەکی نوێ ڕۆدەنێن، واتە ئەم ڕێگایە بریتییە لە " چوونەپاڵیەکی دوو وشە یان زیاتر بۆ دروستکردنی یەک وشە، کە بەشێوەی یەک وشە دەنوسرێت، یاخود هێمای (تەقەڵ)ێک لەنێوان وشەکان دادەنرێت. وەک: ( high school ،long – haired)، ". (stagaberg,1981: 121).

کەواتە " وشە – لەیەکدان لە مۆرفۆلۆژییدا بریتییە لە پڕۆسە یان کردەی لە یەکدان و ئەنجامەکەی، کە لەڕێی بەستنەوەی چەند تاکە توخمێکی سەربەخۆ (مۆرفیمی سەربەخۆ)ەوە، بە یاریدەی مۆرفیمی لێکدەر یان بەبێ ئەو مۆرفیمە دروستدەکرێت و بەدەستدەخرێت." (مەحوی، ٢٠١٠: ٨٢)، پێویستە ئەوەش بخرێتەڕوو، کە ئەو وشانەی لە ئەنجامی پڕۆسەی لێکدانەوە دەستمان دەکەوێت لەڕووی دروستەی واتایی و سینتاکسییەوە جیاوازن، بۆ نموونە لەڕووی سیمانتیکییەوە وشەی لێکدراوی (تەواوکەرانە، خاوەنێتی، قاڵبگرتوو، لۆجیکیانە)مان هەیە، وەک ئەم وشانەی خوارەوە:

دەموچاو، سەروپێ، .......تاد. لێکدراوی تەواوکەرانەیە.

سەرگەورە، سەرخڕ، چاوشین،....تاد. لێکدراوی خاوەنێتی.

ڕەشماڵ، دارتاش،..تاد. ناتوانین کەرتە پێکهێنەرەکانی پاش و پێش بخەین.

تەپوتۆز، تەقوتۆق، ..... تاد. لێکدراوی لۆجیکیانەیە، چونکە لە ڕووی لۆجیکییەوە، تا یەکەم ڕوونەدات دووەم ڕوونادات.

لەڕووی ڕوونی و لێڵی واتای وشەکانیشەوە هەندێک لە وشە لێکدراوەکان واتاکانیان پێشبینیکراوە، بەڵام هەندێکی تریان ناتوانین لە کەرتە پێکهێنەرەکانیانەوە پێشبینی لە واتاکانیان بکەین. وەک:

هێلکەوڕۆن، هاتوچۆ، گفتوگۆ، داربەڕوو، ...تاد واتاکانیان ڕوونە.

زمان لوس، دەم درێژ، کونەبا، دەستکورت،... تاد. ئەم ئیدیەمانە واتاکانیان لە کەرتە پێکهێنەرەکانیانەوە پێشبینی ناکرێت، واتە واتایان لێڵە.

هەر سەبارەت بە پڕۆسەی لێکدان و وشە لێکدراوەکان لە زمانی کوردیدا دەتوانین ئەم یاسا گشتییەی خوارەوە بخەینەڕوو:

A. Z < X + Y

مار + ماسی > مارماسی

$Z < X + (...) + Y$ .B
سور + /ـەـ/ + چنار > سورەچنار

هەریەکە لە (X،Y)ی (بناغە)ن، (...) مۆرفیمی بەندی لێکدەرە، کە هەرسێکیان تێکردەن، بەڵام (Z)، ئەنجامە، واتە وشە دروستبووەکەیە و دەرکردەیە.

**ڕێگای لێکدان**

| بەبێ م.بەندی لێکدەر | بەهۆی م.بەندی لێکدەرەوە |
| --- | --- |
| دارتوو | کولێرەبەڕۆن |
| گەڵادار | پشتاوپشت ..... تاد. |

٣-١/٢) ڕێگای وەرگرتن: Borrowing

زمان لەگەڵ گۆڕان و پێشـــکەوتنەکانی کۆمەڵدا لە هەوڵی خۆگونجاندن و هەڵکردندایە، ئەمەش بەپێی پێویســـتی ئاخێوەرانیی، بۆ دابینکردنی وشـــەو کەرەســـەی زمانیی، بێگومان ئەم گۆڕانەی زمانیش ناتوانێت شـــانبەشـــانی گۆڕانە خێراکانی بوارە جیاوازەکانی ژیان و ژیاریی هەڵبکات، هەربۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە و توانای خســتنەبەردەســتی وشــەی پێویســت بۆ ئاخێوەرانیی هەوڵدەدات وشـــە لە زمانەکانی ترەوە وەربگرێت و بیخوازێت، دیارە ئەم ڕێگایەش یەکێکە لە ڕێگا باوەکانی ئەم قۆناغە بە تایبەت بۆ ئەو زمانانەی، کە کۆمەڵەکەی تازە لە نەشونماکردندایە لە بوارەجیاوازەکانی وەک: (زانست، فەلسەفە، پەروەردە، تەکنەلۆژیا،...تاد)دا، واتە ڕێگای وەرگرتن، بریتییە لە: " وەرگرتنی وشـــە لە زمانێکی ترەوە، وشـــە خواســـتراوەکان پێیاندەوترێت وشـــەی وەرگیراو – loanword." (ســـەعید،٢٠٠٨: ٤٥)، کەواتە دەتوانین بڵێین وەرگرتن بریتییە لە خواســـتن و قەرزکردنی وشـــەو زاراوە لە زمانێکی ترەوەو بەکارهێنانی لە زمانی بۆ وەرگیراودا، هاوکات دەتوانین ئەوەش بخەینەڕوو، کە ئەم شێوازە نەنگی و کەموکوڕی نییە بۆ زمان، بەڵکو چالاکیی و زیندوێتی زمان پیشـــاندەدات، چونکە " لەم ســـەردەمەدا وشـــە قەرزکردن دیاردەیەکی ئاســـاییە. هەر وڵات و زمانێک ئەگەر لە قەرزکردنی وشـــەو دانوســـتانی زمانیدا لەگەڵ زمان و وڵاتانی تر دوورەپەرێزیی بکات، زمانەکەی دواکەوتووتر و پانتایی زمانەکەی بەرتەســـکتر دەبێتەوە." (ڕەحیمی،١٣٨٨: ٢٨)، لەبەرئەوەی هیچ زمانێکی زیندو نادۆزینەوە لە جیهاندا، وشـــەی وەرگیراوی لە زمانەکانی ترەوە تێدا نەبێت، چونکە زمان لەلایەن مرۆڤەوە واتە لەلایەن کۆمەڵ و لەناو شارستانییەتی جیاوازدا بەکاردەهێنرێت، بێگومان کۆمەڵ و ژیارییە جیاوازەکانیش بە درێژایی مێژوو لەژێر کاریگەریی یەکتردا بوونەو ســـوودیان لە ئەزموونەکانی یەکتر وەرگرتووە، دیارە کەوتنەژێر کاریگەریی زمانێکی تر ئەشـــێت لە چەند لایەکی جیاوازەوە بێت، لەوانە بەهۆی (ئابووریی، ئایینی، ڕامیاریی، ســـەربازیی، تەکنەلۆژیی، دراوسێیەتی،...تاد)، هەروەها سەرچاوەی وشە وەرگیراوەکانیش " دەشێت لە زمانە هاوخێزان و هاوگروپەکانەوە بێت، وەکو زمانی کوردی لە فارســـی و بەلوجی و ئینگلیزی و زمانەهیندۆئەورووپییەکانی تر، هەروەها دەشێ لە زمانی جیاوازەوە بێت، وەکو لە زمانی عەرەبی و تورکی." (حەمەد،٢٠١٤: ٨٦).

بەم تێگەیشتنە دەشێت بڵێین لە زمانی کوردیدا دوو شێوەی وەرگرتن بەدیدەکەین:

شێوەی یەکەمیان بریتییە لە وەرگرتنی وشەو خستنەژێر یاسا فۆنۆلۆژیی و ڕێنووسییەکانی زمانی کوردییەوە، کە ئەم شـێوەیەیان زیاتر گونجاوترە و زووتر لەناو کۆمەڵدا دەڕوات و لەســەر زمان

ئاسانترەو زووتر لە فەرهەنگدا جێی خۆی دەکاتەوە، وەک وشەکانی: (تانە، سەماوەر، فتبۆڵ، کتێب، قوتابی، دەرس، مامەڵە، گەراج، ...تاد).

شێوەی دووەمیان، بریتییە لە هەندێک وشەی تر بەبێ ڕۆیشتن بە فلتەری فۆنۆلۆژیی زمانی کوردیدا هاتوونەتە زمانەکەوەو تەنها شێوەی نووسینیان ، واتە ڕێنووسەکەیان گۆڕاوە، بۆ نموونە وەک ناوە عەرەبییەکانی: (عەلی، عومەر، ئەحمەد، ...تاد)، یاخود هەندێک لە وشە نوێکانی ئەم قۆناغە وەک: (فیلم، میوزیک، ستادیۆم، مۆرفیم، فۆنیم، ...تاد).

## ٢/٢) ڕێگاکانی کورتکردنەوە:

چەند ڕێگایەکی ناچالاکن، کە زمانی کوردیی بۆ دروستکردنی هەندێک وشە و زاراوە سوودیان لێوەردەگرێت، ئەمجۆرانەی کورتکردنەوە زیاتر بەهۆی ڕاگەیاندن و کاریگەریی ئەم کایە گرنگەوە، کە وەک دەسەڵاتی چوارەم ڕۆڵ و دەورێکی بنەڕەتیی لە ژیانی تایبەتیی و گشتیی مرۆڤەکاندا هەیە و بەبێ پرس خۆی دەکات بە ماڵی هەموو مرۆڤێکدا، ئەو وشە و زاراوانەی، کە لە ڕێگای کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە دێنە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە، ڕاستەوخۆ ئاخێوەرانی زمان بەکاریاندەهێنن و دەبێتە بەشێک لە دانە وشەکانی گەنجینەی وشە داکراوەکانیان و بەم هۆیەشەوە ئاخێوەر دەتوانێت بەشێک لە پێداویستییە وشەییەکانی خۆی بەمجۆرە وشانە پڕبکاتەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن.

### ٢/٢-١) ڕێگای تێکەڵکردن: Blinding

تێکەڵکردنی دوو وشەی سەربەخۆیەو کردنیانە بە یەک وشە، هەمیشە بەشی یەکەمی وشەیەک لەگەڵ دوایین بەشی وشەیەکی تر تێکەڵدەکرێت و وشەیەکی نوێی لێدروستدەکرێت. (Stagaberg,1981: 124)، بۆ نموونە وەک:

Gasohol = gasoline and alcohol

Brunch = breakfast + lunch

Smog = smog + fog

کەواتە پرۆسەی تێکەڵکردن، " بریتییە لە پرۆسەی خستنەتەکیەک و بەستنەوەی دوو فۆرمی سەربەخۆ بۆ بەرهەمهێنانی تاکە یەک وشەی نوێ، کە تێیدا پرۆسەکە بە وەرگرتنی تەنها سەرەتای وشەی یەکێکیانەوەو لکاندنی بە کۆتایی وشەکەی دیکەوە دەکرێت." ( مەحوی،٢٠١٠: ١٥٨)، هەر سەبارەت بەم پرۆسەیە دەتوانین بڵێین، کە پەیوەست بە زمانی کوردییەوە، پرۆسەیەکی چالاک نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت بۆ دروستکردنی وشەی نوێ پەنای بۆ ببرێت و سوودی لێوەربگیرێت، لەبەرئەوە لەم ساڵانەی دواییدا چەند وشەیەک بەپێی ئەم پرۆسەیە دروستبوونە، وەک وشەکانی:

کورد + سەتەلایت = کوردسات

سۆرانی + کرمانجی = سۆرمانجی

کورد + تەلەفۆن = کوردتێل

ڕۆژنامە + گۆڤار = ڕۆڤار

گا + ئاسن = گاسن

دایک + باوک = دایباب، بەرامبەر بە (والدین)ی زمانی عەرەبییە.

ئۆتۆمبیل + ماکس = ئۆتۆماکس (ناوی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنییە، سەبارەت بە خزمەتگوزاریی ئۆتۆمبیل لە کەناڵی ئاسمانی kurdmax پەخشدەکرێت.)

کەواتە " دەتوانرێت لە زمانی کوردیدا، بۆ زۆرترکردنی وشەکانی، لە گەلێک بوارداو بە مەودای جۆراوجۆرەوە پەناببرێتە بەر ئەم پرۆسەی بەرهەمهێنانە." (سەرچاوەی پێشوو:١٥٩).

## ٢-٢/٢) رێگای کورتکردنەوە: Acronyms

کورتکردنەوە، بریتییە لە لێکردنەوەو برینی بەشی کۆتایی وشەکان و بەخشینی فۆرمێکی نوێ، ئەم پرۆسەیەش زیاتر بە مەبەستی دەمگرتنەوە لە وزەو ئابوریکردن دێت لە زماندا، چونکە ئەوەی روونە مرۆڤ لە کاتی ئاخاوتندا وزەی پێویستە و بۆ کەمتر بەکارهێنانی وزەو ئابوریکردن لە وزەدا هەوڵدەدات وشەکانی کورتبکاتەوە، ئەمە یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی، کە وزە بەفیڕۆنەدان و ئابوریکردنە، لایەنێکی تر بە تایبەت لە کورتکردنەوەی ناوە تایبەتییەکاندا دەشێت بۆ مەبەستی ناسکی و نازداریی، یاخود بۆ مەبەستی شکاندن بەکاربهێنرێت، چونکە " لە زمانی کوردیدا، ئەو وشە – نوێیانەی، بەم پرۆسەی وردکردنەوەیە بەرهەمهێنراون، بەشێوەیەکی گشتیی لە ناوی کەسی بیانی و کوردییدا هەیەو بووە." ( مەحوی،٢٠١٠: ١٦٠)، بۆ نموونە وەک ئەم وشانەی خوارەوە، کە بە پرۆسەی کورتکردنەوەدا ڕۆیشتوون.

مەحمود > خولە

پەروین > پەرە

لەم جۆربروسەیەدا دەتوانین جۆرێکی تر لە زمانی کوردیدا بخەینەڕوو، کە ئەمەش بە تایبەتی لە فرێزەکاندا ڕوودەدات، ئەم پرۆسەیەشیان بریتییە لە لابردنی بەشێکی، یان وشەی یەکەمی فرێزەکە، دیارە مەبەست لەم کورتکردنەوەیەشیان بەڕای ئێمە جگە لەلایەنی ئابوریکردن و وزە بەفیڕۆنەدان، لایەنێکی تری پەیوەستە بە ناسراوی وشەکەوە لای ئاخێوەر و گوێگر، بۆ نموونە، ئاخێوەر لە جیاتی ئەوەی بڵێت: (حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی بەغدا)، دەڵێت: (هەرێم و بەغدا)، هەربۆیە ئەم نموونانەی خوارەوەش دەچنە ئەم بوارەوە. وەک:

کۆلێژی زمان > زمان

وەزارەتی خوێندنی باڵا > خوێندنی باڵا

بەردەرکی سەرا > سەرا

حکومەتی هەرێمی کوردستان > هەرێم

پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە پرۆسەی کورتکردنەوە، پرۆسەیەکی تاڕادەیەک گشتییە و لە زمانە زیندووەکانی وەک ئینگلیزی و عەرەبیشدا وجودی هەیە وەک وشەکانی:

Doctor = doc
Laboratory = lab
Automobile = auto
فاطمە > فاطم

بثینة > بثین ...تاد (شخده فارغ...تاد:2006: 133).

۲/۲-۳) پارچەکردن: Clipping

پارچەکردن، کە لە هەندێک سەرچاوەدا زاراوەی بڕین، یان هەر زاراوە ئینگلیزییەکە (کلیپینگ)ی بۆ بەکارهاتووە، بریتییە لە کردەی بڕین و لێکردنەوەی بەشێکی وشەیەک، یاخود فرێزێک، کە بە شێوەی وشەیەکی سەربەخۆ گۆدەکرێت و دەنووسرێت، واتە " پارچەکردن بریتییە لەو پرۆسەیەی، کە پارچەیەک لە پێش، یان لە کۆتایی وشەوە وەردەگیرێت و لەجیاتی فۆرمە گشتییەکە بەکاردەهێنرێت، لە ئەنجامدا فۆرمێکی سەربەست، دروست دەبێت و هەندێ جاریش دەبێتە بناغە، بۆ پێکهێنانی نوێ." (قادر،۲۰۰۲: ۱٤)، بەکارهێنانی ئەم پرۆسەیە لە زماندا زیاتر بە مەبەستی ئابوریکردن و دەستپێوەگرتنی وزەیە، هەروەها زیاتر لە فۆرمی فرێزەکاندا ڕوودەدات. وەک:

Examination = exam

Pornography = porno

Laboratory = lab

پەرلەمانی هەرێمی کورستان = پەرلەمان

یەکێتی نووسەران = نووسەران

بزوتنەوەی گۆڕان = گۆڕان

وەزارەتی پەروەردە = پەروەردە

۲/۲-٤) ئەبریڤەیشن: abbreviation

ئەمیش جۆرێکی ترە لە کورتکردنەوە، بەڵام ئەمجۆرەیان بە زۆری بە وەرگرتنی پیتی سەرەتای وشەکان دەبێت، واتە " کورتکردنەوە، یان بڕینە لە فۆرمی وشەدا، بەڵام لەباری ئاساییدا جێگەی وشە بنەڕەتییەکە ناگرنەوە، ئەبریڤەیشنەکان نوسینیان بەجۆرێکە، کە لەگەڵ یاسای ئەو زمانەدا ناگونجێ، بۆیە هەمیشە (.) خاڵ لە دوای فۆرمە کورتکراوەکە دادەنرێت." (سەعید،۲۰۰۸: ٤۸)، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

Doctor = Dr.
Mister = Mr.
Noun phrase = NP
Minimal program = MP

لە زمانی کوردییشدا وەک ئەم نموونانە:

پێشمەرگە > پ.م

لاپەڕە > ل.، پێش زایین > پ.ز ...........تاد

تەنانەت جاری وا هەیە پیتەکان بە شێوەیەک لێکدەدرێن، وەکو وشەیەکی نوێ مامەڵەدەکەن و ئاخێوەر ئەگەر شارەزای زمانیی نەبێت، ئەوا بە ئاسانی نازانێت لە چییەوە هاتووە، وەک ئەم نموونانە:

(فیفا، فاو، داعش، حماس، ژێکاف، ڕادار، ...تاد).

۲/۲-۵) وەگەڕاوە: Backformation

لەم ڕێگای وەگەڕاوەدا، بۆ دروستکردنی وشەی نوێ لە زماندا، چەمکی (پاشسازی) لەلایەن (ولیا)وە بەکاردێت و ئەوە دەخاتەڕوو ئەم چەمکەی بەرامبەر (Backformation)ە (ولیا، ۲۰۱۹: ۱٤۲)، بة پڕۆسەی لێکردنەوە و سڕینەوەی بەشی کۆتایی وشەیەکە، کە باوەڕ وایە ئەم بەشە زیادە (پاشگر)ێکە، ئەمەش بە پێوانە و لەسەر بنەمای وشە هاوشێوە و جیاوازەکانی ئەو زمانەیە." (فارغ و أخرون، ۲۰۰٦: ۱۳٤)، وەک (compute > computer)، واتە ئەم پڕۆسەیەش بەگشتی وەرگرتنی فۆرمێکی کورتی وشەیەک دەبێت لە فۆرمێکی درێژترەوە، واتە ئەمیش جۆرێکە لە کورتکردنەوە، کەواتە " چەشنێکی وردکردنەوە ئەو پڕۆسەیەیە، کە بە >> دروستکردنی وەگەڕاوە << ناسراوە، لە داهێنانی وشەدا، کورتکردنەوە لەڕێی دروستکردنی وەگەڕاوەوە، بە شیکردنەوەی مۆرفیمێکی باو و بڵاوی وشەیەکی درێژ لە کاردایە، لەم پڕۆسەی وشە دروستکردنەیاندا وشەیەکی کورت لە وشەیەکی درێژ لەسەر بناغەی لەیەکچوون و وەکیەکی نێوان وشە کورت و وشەدرێژەکەی زمانەکە خۆی دادەهێنرێت." ( مەحوی،۲۰۱۰: ۱٦۲)، بۆ نموونە وەک وەرگرتنی ئەم وشانەی خوارەوە بەپێی چەند زمانێک بەڕێگای وەگەڕاوە:

۱- لە زمانی ئینگلیزیدا:

edit < Editor
donate < Donation
televise < Television

۲- لە زمانی ئەڵمانیدا:

sculpt < Sculptor

peddle < Peddlers

۳- لە زمانی کوردیدا: لالەنگی > لالە، خەوتن > خەو.

۲/۲-٦) کاڵکە: Calque

ئەم ڕێگایە، کە زۆرجار زاراوەکانی (زڕەڕێژ/پێوانە/قیاس) یشی بۆ بەکارهاتووە، یەکێکە لەو ڕێگا چالاکانەی، کە بە تایبەت لە بواری زاراوەسازییدا سودێکی زۆری لێوەرگیراوە، بۆیە " ئێمەش لەم قۆناغە مێژووییەی زمانی کوردیدا، کە پێویستمان بە زاراوەی نوێباو هەیە، دەتوانین پشت بە بەڵگەی ڕێزمان ببەستین کە چۆنیەتی لەدایکبونی وشەیەکی کوردی ڕەسەن دەخاتەڕوو، چەند زاراوەیەک سازبکەین. ئەم ڕێبازە لە هەموو زمانێکی پێشکەوتوودا پەیڕەوی کراوەو زمانەوانەکان لەسەری ڕۆیشتوون." (غەریب،۲۰۱۲: ٦٦)، هەربۆیە زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی، کە لەبواری زاراوەدا فەرهەنگێکی هەژاری هەیە، لەبەرئەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەو دابینکردنی زاراوەی پێویست لەبوارە جیاوازەکانی زانستدا شارەزایان و پسپۆڕانی ئەم بوارە ویستوویانە لەسەر بنەمای زاراوە بێگانەکان، یاخود لەسەر بنەماو پێوانەی وشە کۆنەکانی زمانی کوردی خۆی، وشەو زاراوەی نوێ بۆ فەرهەنگی زمان دابڕێژن، واتە کارکردنەکەیان بە دوو ئاڕاستەدا بووە:

یەکەمیان کۆپیکردنی وشەی نوێ بە پێوانەی وشە کۆنەکانی زمان وەک: بە پێوانەی (شەکردان) وشەکانی: (مۆمدان، شەمعدان، گوڵدان، ...تاد) دروستکراوە، یان لەسەر پێوانەی (سەیرانگا)

وشەکانی: (پێشانگا، داعشگا، خێوەتگا، نەمامگە، دادگا، کارگە، نوسینگە، فڕگە، دایەنگە، فێرگە، سەربازگە، ...تاد) دروستکراون<

دووەمیان بریتییە لە دارِشتن و کۆپیکردنی شێوەی لێکسیکی و مۆرفۆلۆژیی وشە بێگانەکەو خستنەسەر شێوەی وشەیەکی کوردی و لەبەرکردنی بەرگێکی کوردی بە بەریدا. وەک:

سنوی > ساڵانە/ساڵیانە

رقابە مالیە > چاودێری دارایی

In put > تێکردە

Social Media > تۆرِە کۆمەڵایەتییەکان

الاجازە الاومە > مۆڵەتی دایکایەتی

صلب الاحمر > خاچی سور

هلال الاحمر > مانگی سور

٢/٢-٧) داهێنان: coinage

داهێنان، سیمایەکی دیارو پرشنگداری هەر نەتەوەیەکە، پێناسی چالاکیی و بەرهەمداریی ئەو خەڵکانەیە، کە لە هەوڵدان شتی نوێ بەرهەمبهێنن، واتە داهێنان لە ئێستادا زیاتر پەیوەستە بە (کەرەسە، شت، بیر، ...تاد)، کە لە نەبووەوە دێتەبوون، بە مانایەکی تر داهێنان بەرهەمی بیروعەقڵی مرۆڤە، بۆیە هەر نەتەوەو وڵاتێک، کە شتی نوێ، بیری نوێ، کەرەسەی نوێ، دابهێنێت و دروستیبکات، بێگومان پێویستی بە ئەبزارێکی گرنگی وەک زمان هەیە، کە لە ڕێی وشەو کەرەسەکانییەوە ئەو بەرهەمە نوێیە ئاشنای بەکارهێنەرانی بکات و ناوی لێبنێت و بەخەڵکانی تری بناسێنێت، ئەم کارەش زیاتر کۆمپانیا بازرگانییەکان و دامەزراوە بەرهەمهێنەرەکان کاری لەسەردەکەن، بە تایبەت لە کاتی ناونانی مارکە نوێیە بەرهەمهاتووەکانیاندا، بۆیە کاتێک کە کۆمپانیایەک، یان دامەزراوەیەک شتێکی نوێ دروستدەکات پێویستی بە ناونان هەیە، کەواتە ئەم ڕێگایە " بریتییە لە داهێنان و دۆزینەوەی وشەو دەربڕاوی تەواو نوێ و تازە، واتە لە سکەدانی وشەی نوێ coining دەگمەنترین و دانسقەترین، ڕێگاو سەرچاوەیەکی وشەی نوێیە." (مەحوی،٢٠١٠: ١٢٢)، دەبێت ئەوە بزانین، کە ڕێگای داهێنان جیاوازە لە ڕێگاکانی تری وشە دروستکردن لە زماندا بۆ نموونە وەک ڕێگای (لێکدان، دارِشتن)، چونکە ئەم دوو ڕێگایە لەسەر بنەمای وشەو مۆرفیمە هەبووەکانی زمان ڕۆدەنرێن، بەڵام وشەداهێنان، یان لەسکەدان لە هیچەوە دروستدەکرێت، "مەبەست لە سکەدانیش ئەوەیە کە وشەیەکی تەواو تازە و نوێ لە کۆی بەرگەکەوە دروستبکرێت." (ولیا، ٢٠١٩: ١٣٣)، واتە دەتوانین لەم بارەیەوە بڵێین وشە هەبووەکانی سەرەتای زمان و پۆلکردنی واقیع و ناونانی شت و دیاردەو ڕووداوەکانی دەوروبەر لەلایەن مرۆڤەوە بۆخۆی جۆرێکە لە پرۆسەی داهێنان، بەڵام داهێنانە لە وشە زمانییەکاندا نەک لە شتەکەدا چونکە شتەکە، یا دیاردەکە خۆی لەواقیعدا بوونی هەبووە، هەر لەم بارەیەوە (محەمەدی مەحویی) پێی وایە، کە لە ئێستادا داهێنان زیاتر لە ناوی دەنگە سروشتییەکان (وێنەگرتنی دەنگ بە دەنگ)، /کوکوختی/و وشە هەستدەربڕەکان (ئاخ، ئۆف، ئای، ...تاد)و زمانی ڕیکلامە بازرگانییەکاندا هەیە، بۆ نموونە لەگەڵ هاتنەناوەوەی مۆبایلدا وشەیەکی وەک: (نوکە، نوکەکردن) لە زمانی کوردیدا داهێنراون.

٣-١/٢) گۆڕانی واتایی:

گۆڕانی واتـایی یەکێکە لە هۆکـارە گرنگەکـانی دەوڵەمەنـدکردنی فەرهەنگی زمـان، چونکە ئاخێوەری زمان لەکاتی نەبوونی وشـەی پێویسـتدا دەتوانێت پەنا بۆ وشـە هەبووەکانی زمانەکەی بەرێت و واتاو ئەرکی نوێیان لێباربکات، تا لەم ڕێگایەوە بتوانێت کەلێن و کەمووکوڕی نەبوونی وشەی پێویست پڕبکاتەوە و پێداویستییە زمانییەکانی خۆی پێ جۆربکات، هەربۆیە دەتوانین بڵێین " وشـــە یەکەم بەشـــە لە زمـان کە دەکەوێتە نێو پرۆســـەی گۆڕانکارییەوە، بۆیە زمـانەوانـان بەشــێوەیەکی شــیاو، دەتوانن لە گۆڕانکاری واتایی وشــە، بۆ وشــەڕۆنان کەڵک وەربگرن." ( ڕەحیمی،١٣٨٨:٢٣).

کەواتە زمان، وەک ئەبزارێکی گرنگە بۆ دەربڕینی هەســت و ئارەزووەکان، دروســتکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، گواسـتنەوەی بیروبۆچوونەکان بەدەسـت مرۆڤەوە ، ئەمانە و گەلێک ئەرکی گرنگتر وای لە مرۆڤ کردووە، کە نەتوانێت دەستبەرداری زمان بێت و نەشتوانێت بەبێ زمان وەک بوونەوەرێکی ئاســـایی بژیی، زمان بۆ مرۆڤ مانایەکی تایبەتی هەیە، بۆیە مرۆڤ ویسـتوویەتی لەگەڵ گۆڕانەکانی ژیاندا، لەگەڵ فراوانبوونی پێداویسـتی و داواکارییەکانی، گۆڕان لە هەڵســـوکەوت و بیروبۆچوون و ئاوەزیدا، زمانیش بگۆڕێت و لەگەڵ ئەو کەش و پێشـــهاتە نوێیەدا بیگونجێنێت، لەبەرئەوەیە ئەگەر لەنێو گۆڕانی زمانییدا بپرسین گۆڕانی واتایی چییە؟ ئەوا دەتوانین بڵێین بریتییە لەوەی کە وشەیەک بەهۆی گەشـەو گۆڕانی زمانییەوە واتاکەی فراوانبووە، یاخود ســـنووردارببووە، یان گوازراوەتەوە و واتای نوێی لێ بارکراوە، هەر لەمڕووەوە کاتێک زمانەوان (ئۆڵمان) ســەبارەت بە پێناســـەی واتا وتویەتی: " پەیوەندییەکی گۆڕەوەیە (متبادیلە) لە نێوان هێمـاو هێمـابۆکراو"دا. (عمر،١٩٨٢: ٢٣٥) کەواتە گۆڕان لە واتـای وشـــەدا وادەکـات، گۆڕان لەنێوان ئەو پەیوەندییەدا دروســـت بێت، لەم ڕووەوە هەندێک لە زمانەوانان ئەم بابەتە دەچووێنن بە دارێـک، کە چۆن ئەم دارە لە ئەنجـامی گەشـــەدا لق و پۆپی نوێ دەردەکەوت و گەشـــەدەکات و فراوان دەبێت، وشـــەش بە هەمان شــێوە لە ئەنجامی گەشـــەو گۆڕانی واتایی و گەیاندن و بەدەستهێنان و بارکردنی واتای نوێ لێیی و هەروەها بڵاوبوونەوە و فراوانبوونی واتای نوێ دەگەیەنێت و گۆڕان بەسەر واتا کۆنەکەیدا دێت. (احمد مختار عمر) گرنگترین (هۆکارەکانی گۆڕانی واتایی دەگەڕێنێتەوە بۆ:

١- زیادبوونی پێداویستی.

٢- گەشەکردنی بواری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی.

٣- هەستی سۆزداریی و دەروونی.

٤- لادانی زمانیی.

٥- گواستنەوەی واتایی.

٦- داهێنان- (١٩٨٢: ٢٣٧-٢٤٢).

لەم بارەیەوە زمانەوانی فەرەنسی (Antoine Meillet) سێ هۆکاری سەرەکی وەک فاکتەری گۆڕانی واتایی دەستنیشانکردووە، کە ئەوانیش: (زمانەوانی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی)ن، کەواتە هەر لەم ڕوانگەیەشـەوەیە، قوتابخانەی کۆمەڵایەتی دۆرکهایم، " بۆئەوە چوون هەر گۆڕانێک لە زماندا ڕوودات پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ دیاردەکۆمەڵایەتییەکاندا هەیە." (محەمەد،١٩٩٠: ٥٩).

بۆیە دەتوانین بڵێین گرنگترین ئەو فاکتەرانەی، کە لە پشـــت گۆڕانی زمانەوەن، دەبن بە دوو بەشەوە:

1- بەشێکیان لە دەرەوەی زمانە و کاریگەری لەسەر گۆڕینی واتای وشەکانی زمان و بەخشینی واتـایەکی نوێ بە وشـــەکـان هەیە، بۆ نموونە وەک گۆڕانە ئـابوورییەکـان، کۆمەڵایەتییەکـان، دەروونییەکان،...تاد ئەمانە و چەندین هۆکاری تر، کە دەکەونە دەرەوەی زمان، بەڵام ڕۆڵیان هەیە لەسەر زمان و نەخشی داهاتووی زمان دیاریدەکەن.

2-بەشــەکەی تریان پەیوەسـتە بە خودی زمان خۆیەوە، بۆ نموونە وەک هۆکارە فۆنۆلۆژییەکان و شێوازی گۆکردن و درکاندنی دەنگەکان، لەلایەن ئاخێوەرە جیاوازەکانی زمانەوە، هەروەها بەپێی " کارەکانی چۆمســکی و قوتابخانەکەی هەر گۆڕانێک لە زماندا ڕوودەدات، بەسـتراوە بە توانای مرۆڤەوە کە بەهۆی چالاکیی قسەکردنەوە ڕوودەدات." (سەرچاوەی پێشوو ٥٩)، بۆ خستنەڕووی گرنگترین ئەو گۆڕانە واتاییانەی، کە بەســـەر وشـــەکانی زماندا دێن و دەبنە هۆی بەخشـــینی واتایەکی نوێ بە وشــەکە و بەرگێکی نوێ لە ڕووی واتاییەوە بە بەر وشــەکاندا دەکرێت. بریتین لە:

## أ- فراوانبوونی واتا: Extension

بریتییە لە فراوانبوونی ســـنورو بواری بەکارهێنانی وشـــەیەک، کە پێشـــتر لە مەودایەکی دیـاریکراودا بۆ واتـا و مەبەســـتێکی دیـاریکراو بەکـارهـاتووە، بەڵام بە درێژایی ڕۆژگـار و بەکارهێنانی لەبواری تردا و بارکردنی ئەرک و واتای نوێ لێی، ئەوا واتاکەی گۆڕانی بەســەردا هاتووە و فراوانبووە، واتە " لێرەدا وشـــەکە بە تێپەڕبوونی کات واتایەکی فراوانتر پەیدادەکات و دیاردەیەکی گەورەتر دەگرێتەوە." (فەتاح،٢٠١١: ١٢٨)، بۆیە فرانبوونی واتا ئەوە دەگرێتەوە، کە وشـــەیەک لە پێشــدا بۆ واتایەک بەکارهاتووە، بەڵام پاشــئەوەی، کە گۆڕانی واتایی بەســـەر وشـــەکەدا هـاتووە، بەکـارهێنـانی فراوانبووە. (عمر،١٩٨٢: ٢٤٣)، هەر لەم بـارەیەشـــەوە (Fromkin) دەڵێت: " کاتێک واتای وشەیەک فراواندەبێت، ئەو وشەیە واتای هەموو ئەو شتانە دەگەیەنێت کە پێشـــتر هەیبووەو زیاتر." (تابان محەمەد ســـەعید:٢٠٠٨: ٥٢)، بۆ نموونە وەک فراوانبوونی وشـــەی (ڕەگ) لە زمانی کوردیدا، کە لە ســـەرەتادا تەنها لە بواری کشـــتوکاڵیدا بۆ ڕەگی دارودرەخت و گژوگیا بەکارهاتووە، بەڵام لە ئێســـتادا واتاکەی فراوانبووە و لە بوارەکانی: (زمانەوانیی، پزیشـــکی، ماتماتیکی، ڕەچەڵەکناســـی)دا بەکاردێت. ، یاخود فراوانبوونی واتای وشەی (picture)، کە لە بنەڕەتدا بە واتای تابلۆی کێشراو ی دەگەیاند، بەڵام لە ئێستادا بە هەموو جۆرە وێنەیەکی فۆتۆگرافی دەوترێت. (سەرچاوەی پێشوو: ٢٤٤).

## ب- تەسکبوونەوەی واتا: Narrowing

تەسـکبوونەوەی واتا، یەکێکی ترە لە ڕێگاو شـێوازەکانی گۆڕانی واتایی و بەسـەر هەندێک لە وشـــەکانی زماندا دێن، ئەمجۆرەیان ئەو وشـــانە دەگرێتەوە، کە مەودا و ســـنووری بەکارهێنانی پســـپۆڕیی ، وەردەگرێت، واتە بەکارهێنانی وشـــەکە لە مەودایەکی فراوانەوە تایبەتمەند دەبێت لەبوارو مەودایەکی دیاریکراودا، هەرچەندە (فەتاح مامە عەلی) بۆچوونی وایە تەســکبوونەوەی واتایی و تایبەت بوونی واتا جیاوازییان هەیە، چونکە " لە تەســکبوونەوەی واتا، ئەو واتایانەی لە دەســـتی داوە زۆربەیـان بە واتـای پەککەوتە دەژمێردرێن، بەڵکو دوا واتـای کە وشـــەکە لێی گیرساوەتەوە هەر بەو واتایە دێت، بەڵام هەرچی تایبەت بوونی واتایە واتاکانی تری لەدەستنەداوە، بەڵکو لە زمـانـدا هەر بەکـاردێن، بەڵام واتـا تـایبەتبووەکەیـان بەشـــێوەیەکی زەقتر و دیـارتر بەکاردێت." (٢٠٠٤: ٩٩)، هەر لەم ڕووەوە هەردوو نموونەی (هەرێم – اقلیم) و (خواردنەوەی) هێنـاوەتەوە، کە وشـــەی (هەرێم) بە واتـای نـاوچە دێت، بەڵام لەگەڵ دروســـتبوونی (هەرێمی

کوردســـتانی ئێراق)دا واتاکەی تایبەت بووە بە (هەرێم – اقلیم)ێکی دیاریکراو، کە باشـــووری کوردستانە، بەڵام وشـەی (خواردنەوە)، لە بنەڕەتدا بە واتای خواردنەوەی هەموو شـلەمەنییەک وەک (شیر، قاوە، چا، ئاو، ....تاد) دێت، بەڵام لە ئێستای زمانی کوردییدا، واتاکەی تەسکبووەتەوە و بە شێوەیەکی زەق و دیار وشەکە واتای (خواردنەوەی عەرەق/ویسکی) جۆرەکانی (مشروبات) بەکاردێت. خود لە زمانی ئینگلیزیدا وشـەی (pill)، بە واتاکانی: (١- ڕێگریی لە منداڵبوون، ٢- چارەسەریی گەدە، ٣- چارەسەریی سەرئێشە) بەکاردەهات، بەڵام لە ئێستای زمانەکەدا واتاکەی تەسـکبووەتەوەو تەنها بەواتای ئەو جۆرە (حەب – چارەسـەر)ە دێت، کە لە ڕێگریکردنی منداڵبوون بەکاردەهێنرێت. (عمر،١٩٨٢: ٢٤٦).

کەواتە تەسکبوونەوەی واتا بریتییە لەوەی کە " وشەیەک واز لە واتا گشتییەکەی خۆی دێنێ و پسـپۆڕی لە واتایەکی تەسـکتردا پەیدادەکات." (فەتاح،٢٠١١: ١٢٨). بۆ ئەم دیاردەیە دەتوانین ئەوەش بخەینەڕوو، دیاردەی تەسـکبوونەوەی واتا دەتوانرێت لە بواری زاراوەسـازییدا سـوودی لێوەربگیرێت، چونکە هەندێک لە وشـەکانی زمان بەم ڕێگایە دەتوانرێت لە قاڵب بدرێت و لە بوارە فراوان و گشـتییەکەیەوە بگوازرێتەوە بۆ بوارێکی دیاریکراو، " واتە ئەم ڕێگایە (واتا تەسـکبوونەوە) دەورێکی سـەرەکی گەورە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگیی لەڕووی زاراوە زانستییەکاندا دەبینێت لە زماندا." (محەمەد،١٩٩٠: ٧٨)، واتە هەر وشـەیەک لە زماندا تاوەکو سـیمای واتایی زیاتری هەبێت ئەوا زیاتر چڕدەبێتەوەو بەرەو تەسـکبوونەوە دەڕوات، بەڵام بە پێچەوانەوە تا سیمای واتایی کەمتری هەبێت ئەوا زیاتر پەلدەهاوێژێت و فراواندەبێت، بۆ نموونە وشـەیەکی وەک (کتێب) لە زمانی کوردیدا بۆ هەموو جۆرە کتێبێکی: (زمانەوانی، پەروەردەیی، زانسـتی، ئایینی، ...تاد) دەبێت، بەڵام کە سـیما واتاییەکانی بۆ زیادبکەین، ئەوا سـنووری بەکارهێنانی تەسکدەبێتەوە. وەک:

کتێب: +زمانەوانی، +مۆرفۆلۆژیی، +چۆنییەتی دروستکردنی وشە لەزماندا،...تاد.

لە خسـتنەڕووی جۆرەکانی واتاگۆڕیندا (محەمەد مەعروف فەتاح) هەردوو جۆری: (بەرزبوونەوەی واتا، نزم بوونەوەی واتا)ی خسـتووەتەڕوو، کە یەکەمیان ئەو جۆرە وشـانەدەگرێتەوە، لە سـەرەتادا بۆ واتاو مەبەسـتێکی نزم و خراپ بەکارهاتووە، بەڵام بەهۆی گۆڕانی واتاییەوە واتایەکی باشـتری وەرگرتووە، بۆ نموونە وەک وشـەی (شـۆخ)، لە سـەرەتادا بەواتای (بێ حەیا) هاتووە لە زمانەکەماندا، بەڵام لە ئێستادا واتایەکی (+ئەرێنی) هەیە و بە واتای (جوان و قەشەنگ) دێت، هەروەها دووەمیان بە پێچەوانەوە ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە سەرەتادا واتایەکی خراپ (نەرێنی)، یان بێلایەنی بەخشـیوە، بەڵام لە ئێسـتادا واتاکەی بەرەو نزمبوونەوە ڕۆیشتووە بۆ نموونە وەک وشـەی (بۆر) کە لە سەرەتادا لە دۆخێکی نە خراپ و نەباشـدا بووەو بێلایەن بووە، بەڵام لە ئێستای زمانەکەدا بە واتای کەسێکی خراپ و لات و بێپارە دێت، وەک ئەم پەندە، کە وشـەی (بۆر) تیایدا واتایەکی (+نەرێنی) هەیە، > خۆت بۆ بۆرە زەلام بەکوشت بدەی، دەڵێ بەمردنی خوایی مردووە.< (بڕوانە: فەتاح، ٢٠١١: ١٢٩).

## ٤-١/٢) گۆڕین: Conversion

ئەم شـێوازە، زۆرجار ڕێگای سـەفریشـی پێدەوترێت، بریتییە لە گۆڕینی پۆلی ڕێزمانی وشـەکان بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا گۆڕینی (ئاوەڵناو > ناو)، یان (ئاوەڵناو > ئاوەڵکردار)، یاخود (کردار > ناو)، کەواتە " یەکێک لە ڕێگاکانی دروسـتکردنی وشـە، کە وشـەی نوێ دروسـتدەکات، بەبێ هیچ جۆرە زیادکردن و کەمکردنەوەیەک، پێی دەوترێت گۆڕین

(Conversion)، یاخود ڕێگای سفر." (تالاری،١٣٩٣: ٢١)، بۆ نموونە گۆڕینی چەند وشەیەک لە زمانی فارسیدا. وەک:

{خوب} (ئاوەڵناو) > {خوب} (ناو).

{خوب} (ئاوەڵناو) > {خوب} (ئاوەڵکردار).

لە زمانی کوردیشـــدا ئەم ڕێگایە بەدیدەکەین، بەڵام بەشــێوەیەکی ســســت و ناچالاک، هاوکات بەرهەمی ئەم ڕێگایە، پەیوەستە بە دەوروبەر/سیاقی ڕستەوە، بۆ نموونە وەک وشـەی (جوان)، کە لە بنەڕەتدا سەر بە کەتیگۆری ئاوەڵناوە، بەڵام بەپێی کۆنتێکستی جیاواز ڕۆڵی کەتیگۆرییەکانی وەک (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار) دەبینێت.

- {جوان} (ناو)، {جوان} (ئاوەڵناو)، {جوان} (ئاوەڵکردار).
- {خواست} (کردار)، {خواست} (ناو).

١– جوان چوو بۆ بازاڕ......... وەک ناوی تایبەتی بەکارهاتووە و ئەرکی بکەرە.

٢– کوردستان لە بەهاراندا جوانە........ وەک ئاوەڵناو بەکارهاتووەو تەواوکەرە.

٣– کەوەکە جوان دەخوێنێت. وەک ئاوەڵکردار بەکارهاتووەو تەواوکەری کردارە.

٤– ئارام کتێبەکەی لەمن خواست. ............. وەک کردار بەکارهاتووە.

٥– دراوسێکانی کورد لەگەڵ خواستەکانی کورددا نین. .... وەک ناو بەکارهاتووە.

٥-١/٢) خواستن/ ئاوەڵواتا (metaphor)

میتافۆڕ هەرچەندە وادەرکەوتووە، کە ڕەگەزێکی ڕەوانبێژیی بواری ئەدەبە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم زاراوەیە پەیوەندییەکی بەهێزیشـی لەگەڵ زمانەوانییدا هەیە، بە تایبەت لە دروسـتکردنی زاراوەدا دەتوانرێت سـوودیلێوەربگیرێت، بەشـێوەیەکی گشـتی لە میتافۆڕدا دیاردەی لێکچوون و گواسـتنەوەی واتایی تێدایە، لەگەڵئەوەشـدا یەکێکیشـە لە فاکتەرەکانی فراوانبوون و گۆڕانی واتای وشە.

کەواتە میتافۆڕ " تایبەتییەکی زمانەو یاریکردنە بە سیما واتاییەکان، سڕینەوەی هەندێک و بەر ڕۆشنایی دانی هەندێکی ترە." (معین،٢٠٠٥: ٤٨)، هەر لەم بارەیەوە (Levin) " پێیوایە ئەوەی لە میتافۆڕدا ڕوودەدات، نیشـانەیەکی واتایی دەگوازرێتەوەو نیشـانەیەکی واتایی دیکەش کەم بەها دەکرێت." (ئەحمەد،٢٠١٢: ١٩٥)، بەڵام وا دەڕوانێتە میتافۆڕ ڕەنگە نـاڕوونیی، یـان نـادیـاری دەسـتەبەر بکات، یاخود لەیەکنەچوونەکانی شاراوەی نێوان دوو بیرۆکە دیاربیکات. ( Lakoff) G Johnson M. 2003:78، کەواتە لە میتافۆڕدا ســنووری بەکارهێنانی واتای وشــەیەک دەگوازرێتەوەو فراواندەبێت، واتە خواســتنی وشــەیەکە لە مەودایەکی دیاریکراوداو بەخشــینی واتایەکی نوێیە پێی لە دەوروبەرێکی تردا، جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی، لە کاتی گواســتنەوەشــدا دەشێت ڕەچاوی شێوە، یان ئەرکی وشەکە بکرێت، وەک:

**١– لێکچوون لە شێوەدا:**

لوتی کەشتی
قاچی مێز
چاوی عەلادین

سەری مەنجەڵ

**٢- لێکچوون لە ئەرکدا:**

ددانی مشار
باڵی فڕۆکە
دەسکی دەرگا
پێچکەی ئۆتۆمبیل

ئەوەی گرنگە لەنێوان واتای ئاسایی و واتای میتافۆڕیدا، بریتییە لە دەوروبەر چونکە چوارچێوەی بەکارهێنانی وشەو دەربڕاوەکان پێماندەڵێن، کە بەواتایەکی ئاسایی بەکارهاتووە، یان بە واتایەکی میتافۆڕیی، وەک ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە.

١- پیاوەکە چوو لە نانەواکە نان بکڕێت.

٢- پیاوەکە چووەتە دەرەوە تا نانێک پەیدابکات.

لەڕستەکانی سەرەوەدا وشەی (نان) لە ڕستەی یەکەمدا بە واتایەکی فەرهەنگی و لە ڕستەی دووەمدا بە واتایەکی میتافۆڕیی، کە بە واتای بژێوی و کاردێت بەکارهاتووە.

٢/١-٦) دووبارەکردنەوە: Reduplication

پرۆسەی دروستکردنی وشەی نوێیە، ئەویش بە دووبارەکردنەوەی فۆنیمێک، کە هەمیشە ڤاوڵێک یان سەرەتای کۆنسۆنانتێک دەگۆڕێت، وەک: (tiptop ،hanky pinky). " (stagaberg,1981: 127)، یان دووبارەکردنەوە بریتییە لە پرۆسەی " دووبارەکردنەوەی یەک بناغە یان یەک ڕەگی هەمان وشە، ئەویش بەهۆی زیادکردنی مۆرفیمێکی بەند، یاخود بە لێکدانی ڕاستەوخۆی دوو بناغەکە بۆ دروستکردنی وشەیەکی نوێ." (تالاری، ١٣٩٣: ١٧)، بۆ نموونە وەک ئەم وشانەی خوارەوە لە زمانی فارسیدا:

١- بەم ڕێگایەیان دەوترێت (ترکیب مکرر – لێکدراوی دووبارە بووەوە).

خال خال
ارام ارام
دستە دستە

٢- بەم ڕێگاشیان دەوترێت (مکرر مشتق – دووبارەبووەوەی داڕێژراو)، واتە ئەم شێوازەیان سوود لە مۆرفیمی بەندی لێکدەر (ناوبەند)، یاخود پاشگری داڕێژ وەردەگرێت. وەک:

روز بە روز
شب تا شب
نسل اندر نسل
نم نمکی
لرزلرزان

کەوات لەزمانی فارسیدا " ئەم ڕێگایە زۆر چالاکە لە داڕشتنی وشەی نوێدا، چونکە زۆر وشە لە زمانی فارسیدا بەڕێگای دووبارە کردنەوە دروستدەکرێن." (حەمەد، ٢٠١٤: ٩٢).

سەبارەت بە پرۆسەی دووبارەکردنەوە لە زمانی کوردیدا دەتوانین دوو شێوە دیاریبکەین کە ئەوانیش:

١– دووبـارەكردنەوەی هەمـان بنـاغە بە یـارمەتی مۆرفیمێكی بەنـدی لێكدەر، یـا بەبێ یـارمەتی مۆرفیمێكی بەندی لێكدەر، هەرچەندە ئەم پرۆسـەیە لای هەندێک زمانەوان هەر لەگەڵ پرۆسـەی وشە لێكداندا باسدەكرێت، بەڵام " باشتر وایە جیابكرێنەوە، لەبەرئەوەی لێكدان بۆ دوو كەرەسەی جیـاواز بەكـاردێت، هەرچی دووبـارەكردنەوەیە هەر یەک مۆرفیمی بنكە دووبـارەدەكرێتەوە." (سەرچاوەی پێشوو). وەک:

ڕێ + ڕێ > ڕێ ڕێ

پۆل + پۆل > پۆل پۆل

سەر + /–بە–/ + سەر > سەربەسەر

هەنگاو + /-بە-/ + هەنگاو > هەنگاوبەهەنگاو

٢- شـــێوازی دووەمیان تا ڕادەیەک وەک نموونەی (hanky panky)، زمانی ئینگلیزی وایە، بریتییە لە گۆڕینی دەنگە كۆنســۆنانتەكەی ســەرەتای وشــەكە بەدەنگی /م/و دووبارەكردنەوەی وشەی یەكەم، كە وشە دووبارەبووەكەی دووەم لەڕووی واتاوە، واتایەكی سەربەخۆی نییە، ئەمە جگە لەوەی كە ئەم پرۆسەیە واتایەكی نوێ بە وشەكە نابەخشێت، بەڵام فۆرمی وشەكە لە سادەوە دەگۆڕێت بۆ لێكدراو، هەروەها جۆرێک لە جەختكردنەوەش بە واتای وشەكە دەبەخشێت. وەک:

X + /-و-/ + X (تەنها بەگۆڕینی یەكەم كۆنسۆنانت بە دەنگی /م/ ) > Y

پیاوومیاو ............ (پ > م)

تەختەومەختە......... (ت > م)

بەردومەرد......... (ب > م)، .........تاد

## ٢/١-٧) گۆڕینی شوێنی هێز: Stress

**(بۆجوني خۆمـان)**، هێز زیـادە وزەیەكی دەنگییە لەپڕ لەســــەر یەكێ لە بڕگەكـانی وشـــە سەرهەڵدەدات." (ئەمین،٢٠٠٩: ٢٨٤)، واتە هێز سیمایەكی چەسپاوی وشەیە، بەشێكی بنەڕەتیی فۆرمەكەیەتی بەجۆرێک كە هیچ بژارێكی ڕاســـتەقینەمان بۆ چۆنییەتی بەكارهێنانی لەبەردەمدا نییە. (ویدۆوسـن،٢٠٠٨: ٦٧)، كەواتە هێز تایبەتە بە وشـەكانی زمان و بریتییە لە ڕاوەسـتان و قورسـایی خسـتنەسـەر یەكێ لە بڕگەكانی وشـە، جاری وایە دەكەوێتە سـەر بڕگەی سـەرەتا، یان بڕگەی كۆتایی وشـــە، لەم بارەیەوە (هیدســـن) پێی وایە، كە ئاڕاســـتەی هێز لە زمانی ئینگلیزیدا بەرەو ئەوە دەچێت، كە ئەو هێزانەی دەكەونە ســەر بڕگەی یەكەم بریتین لە بەشــە ئاخاوتنی ناو، بەڵام لە كرداردا هێز دەچێتە ســـــەر بڕگەی دووەم، هەروەها ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ و مەبەســـتە بریتییە لە ڕۆڵ و توانای هێز لەكاتی گۆڕینی شـــوێنەكانیان لەســـەر بڕگەكانی وشـــە، چونكە بەم كردەیە، (واتە گۆڕینی شـوێنی هێز لە وشـەدا)، ئەوا واتایەكی نوێ بۆ وشـەكە دروسـت دەبێت، " بۆیە هەندێ دەنگناس لەبەر گرنگی و ڕادەی بایەخی هێز لە ڕۆنانی وشـــەدا بە فۆنێمی دووەمی (لاوەكی) (secondary phoneme) دادەنێن." (موسا،٢٠٠٩: ٤٨).

بۆ نموونە ئەگەر شوێنی هێز لەم وشانەدا بگۆڕین ئەوا واتاكەشی دەگۆڕێت. وەک:

نووستن

ئازادی

واتە ئەگەر لە وشەی (نوو'ستن)دا هێز لەسەر *بڕگەی* یەکەم بێت، ئەوا لێرەدا ڕستەیەو بە واتای pro > نووستن.< بەڵام ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی دووەمی (نووست'ن) بێت، ئەوا وشەیەکە و بریتییە لە (ناوی ڕووداو/چاووگ)، هەروەها لەوشەی (ئازا'دی)دا، ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی دووەم بێت، ئەوا ڕستەیەکەو بە واتای > تۆ ئازادی.< دێت، بەڵام ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی کۆتایی (ئازادی') بێت، ئەوا وشەیەکەو بریتییە لە ناوێکی واتایی، بە واتای (سەربەستیی) دێت، ئەوەی لە نموونەکاندا تێبینی دەکرێت، بە گۆڕینی شوێنی هێزەکە هەمان کەرەسە، بەڵام بە دوو بەکارهێنانی جیاواز لە هەردوو ئاستی وشەسازیی و ڕستەسازییدا. وەک:

کۆ'بوونەوە.......... اجتمعوا (ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی یەکەم بێت، ڕستەیە.)

کۆبوونەوە'... الاجتماع (ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی سێیەم بێت، وشەیەو ناوی ڕووداو/چاووگە).

لەم ڕوانگەیەوە بۆ زیاتر دیاریکردنی هێز و بەگۆڕینی شوێنی هێز لەسەر بڕگەکانی وشە و ڕستەو هاتنەئارای واتای جیاواز لە ڕێگای ئەم خشتەیەی خوارەوە نموونەی جیاواز دەخەینەڕوو:

| نموونە | شوێنی هێز | دەرکردە | زمانی نموونە |
|---|---|---|---|
| ڕاپەڕین | ڕاپەڕی'ن | وشە ( ناوی ڕووداو) | کوردی |
| | ڕا'پەڕین | کردار (ڕستەی شکاوە) | |
| Import | mport'i | وشە (هێنانە وڵات) | ئینگلیزی |
| | rt 'impo | کردار (دەهێنێتە وڵات) | |
| دۆخی duxi | uxi'd | گیان | ڕووسی |
| | duxi' | گوڵاو | |

## 2/2) ڕێگای سینتاکسیی:

یەکێک لەو ڕێگا دیار و ئەکتیڤانەی لە ئێستای زمانەکەماندا دەورێکی یەکجار گرنگ و بەرچاوی هەیە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردییدا، بریتییە لە ڕێگای سینتاکسی، واتە " (وشەسازی بە ڕێگای سینتاکسی) یەکێکە لەو ڕێگا ئەکتیف و بەپێز و بەرهەمانەی لە گەشەکردن و پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، شوێن پەنجەی بەڕوون و ئاشکرا دیارە." (سدیق،٢٠١٧: ٢٧٤)، لەم لایەنەوە هەندێک لە پرۆسە سینتاکسییەکان لە ڕێگای دووبارە گەڕانەوەیان لە سینتاکسەوە بۆ ناو فەرهەنگ و بوونیان بە بەشێک لە وشەی فەرهەنگی و پڕکردنەوەی پێداویستیی فەرهەنگ لە ڕووی وشەوە، ئەوەمان پێدەڵێن، کە سینتاکس ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دەوڵەمەندکردن و پڕکردنەوەی پێویستییە فەرهەنگییەکانی زمانەکەماندا هەیە، بۆیە لێرەدا باسی چەند پرۆسەیەکی سینتاکسی دەکەین، کە ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا هەیە:

### 1-2/2) فرێزی بە لێکسیکبوو- Lexicalization:

" گۆڕانی پێکهاتەی وشەی فرێزی قایمکراوە کە لە زماندا، وەک یەکسان بە تاکە وشە، ئەرک دەبینێت." (سەرچاوەی پێشوو)، واتە لێرەدا مەبەست لەو پێکهاتە سینتاکسییانەیە، کە وەک تاکە وشەیەک مامەڵەدەکەن، دروستەی ئەمجۆرە فرێزانەش، بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

دەرخراو + م.خستنەپاڵ + دەرخەر > فرێزێکی بەلێکسیکبوو

مۆڵەتی دایکایەتی، شەقامی سالم، هەناری شارەبان، باخی گشتی، سەرای ئازادی، پرۆسەی ئازادی، مافی چارەنووس، کورەمەسئوول، دارەستاوەکە، گردەبراوەکە، مزگەوتی گەورە، شێخی چۆلی، بازاڕی نیشتمان، .....تاد.

پۆلێکی تر لە فرێزە سینتاکسییەکان، لەڕووی دروستەوە، (دروستەی فرێزی دیاریخەری)یان هەیە، ئەمانیش بوونەتە بەشێک لە وشەکانی فەرهەنگی زمانی کوردیی و لە ئێستادا وەک وشەیەکی فەرهەنگی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، نەک وەک فرێزێکی سینتاکسی، وەک: (دەبۆکە، شەکرەکە، حەسیرەکە، کارەباکە، بەریدەکە، ئۆزییەکە، مەزادخانەکە، سینەماکە، حەزەوشکەکە، بەربەلەدییەکە، ،.....تاد).

## ٢-٢/٢): ڕێگای مۆرفۆسینتاکسی:

ئەم ڕێگایە بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە جێگیرکردنی هەندێک لە کەرەسە ئەرکییەکانی ڕستە بە جێناوی لکاو، لەوانە (بکەر، بەرکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ)، واتە پرۆسەی دەربرینی ڕستەیە بە مۆرفیم، هەربۆیە لە زمانی کوردییدا پرۆسەیەکی ئێجگار چڕ و ئاڵۆزە، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە مەبەستبێت بریتییە لەوەی کە " دارشتەی یاسا مۆرفۆسینتاکسییەکان سەرچاوەیێکە بۆ دارشتنی وشە لە ئاستی مۆرفۆلۆجیای زمانی کوردیدا." (وریا عومەر ئەمین:٢٠١٤: ١٠)، وەک جێبەجێکردنی ئەم پرۆسانەی خوارەوە:

له > لێ

منداڵەکە بەردی لە چۆلەکەکە گرت. > بەردی لێگرت > لێیگرت > لێگرتن.

به > پێ

ئەو کتێبەکەی بە من دا. > کتێبەکەی بەمن دا > پێمیدا > پێدان.

ە/له > تێ

منداڵەکە کەوتە حەوزەکەوە. > کەوتە حەوزەکەوە. > تێیکەوت > تێکەوتن.

من ئاگرەکەم لە پوشەکە بەردا. > ئاگرەکەم تێبەردا > تێمبەردا > تێبەردان.

ئەگەر بڕوانینە دەرکردەکانی (لێگرتن، پێدان، تێکەوتن، تێبەردان، ....تاد)، هەموویان ناوی ڕووداوی داڕێژراون، هەمووشیان لە ڕووی دروستەوە لە (/پێشگر-/ + بناغە) پێکهاتوون.

کەواتە لە ئەنجامی پرۆسەی مۆرفۆسینتاکسی گۆڕینی بەرکاری ناڕاستەوخۆی ڕستەکانی سەرەوە و جێگیرکردنیان بە جێناوی لکاو، پێشناوە سینتاکسییەکانیی گۆڕان بۆ پێشناوی فەرهەنگی و وەک پێشگری وشەدارێژ دەوریان بینی لە دارشتنی وشەی نوێ و ڕۆنانی ناوی ڕووداوی داڕێژراو و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، لەم ڕووەوە زمانی کوردی بەشێوەیەکی فراوان سوودی لەم پرۆسەیە وەرگرتووە بۆ دارشتن و ڕۆنانی کرداری داڕێژراو، وەک ئەم نموونانە: (لێکدانەوە، لێکردنەوە، لێبوونەوە، لێکۆڵینەوە، لێپرسینەوە، لێسەندنەوە، لێخوڕین، لێدان، لێوەرگرتن، لێچوون، لێبڕین، پێدان، پێفرۆشتن، پێکەوتن، پێکەنین، پێبوون، پێکردن، تێکەوتن، تێکدان، تێبڕین، تێوەردان، تێگرتن، تێچاندن، تێوەردان، تێڕادان، ....تاد).

## ئەنجام

١- گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری سەرەکین بۆ پەنابردن بۆ ڕۆنان و وەرگرتن و خواستن، ...تاد وشەی نوێی زمانیی.
٢- ئاخێوەری زمان لە ئەنجامی ڕوودانی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان لە کایە جیاوازەکانی: (تەکنەلۆژیی، ئابووریی، ڕامیاریی، ئایینیی، ...تاد)دا، بە مەبەستی پڕکردنەوەی پێویستییە وشەییەکانی ناچارە پەنا بۆ ڕێگا جیاوازەکانی دروستکردن و وەرگرتنی وشەی نوێ بەرێت.
٣- پڕۆسەکانی داڕشتن و لێکدان لە زمانی کوردییدا دوو پڕۆسەی چالاکیی بەرهەمهێنانی وشە و زاراوەن بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی ئاخێوەری کورد زمان.
٤- ڕێگاکانی (پێوانە، وەرگرتن و خواستن، وەرگێڕان)، ئەو ڕێگا چالاکانەن، کە ئاخێوەری زمانی کوردیی وەک بژاردەی دووەم لە ئەگەری نەبوونی وشەی خۆماڵی پەنایان بۆدەبات.
٥- ڕێگاکان/جۆرەکانی کورتکردنەوە، ئەو ڕێگایانەن، کە بەشێوەیەکی ناچالاک لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە وشە و زاراوە دەخەنە بەردەست ئاخێوەری زمانی کوردیی.
٦- بەشێک لە گۆڕانە کۆمەڵایەتیی – زمانییەکان بە مەبەستی وزەپاراستن و بە ئابووریکردنی توانای وزەی زمانی ئاخێوەر ئەنجامدەدرێت.

پەراوێزەکان:
1-بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی وشەی زمانی کوردیی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی بڕوانە: (عبدالرحيم، ٢٠١٤: ٤).
2- بۆ داڕشتنەوەی ئەو خاڵانە، سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: (ڕەحیمی، ١٣٨٨، ٣٤ و ٣٥).


## Sarchawakan:

## A- Namay Zankoyi:

-Saed, Taban Muhammad: (2008), Gashasandn w Pukanaway ganjinay wsha la zmany kurdida, namay mastar, kolegy zman – zankoy sulemany.
-Muen, Sazan Raza: (2005), Wata w dawrubar – lekolinawayaky pragmatikiya, namay mastar, kolegy parwarda – zankoy salahadin.
-Hamad, Sherwan Husaen: (2014), Twanay morfemy band la dawllamandkirdny farhang w raparandny arky syntaxyda, namay dktora, skully zman – zankoy sulaymani..
-Qadr, Sherko Hama amin: (2002), Mofema banda leksiky w rezmanyakan w arkyan la dyalecty goranda, namay mastar, kolegy zman, zankoy sulaymni.
-Nariman, Shadman Salar: (2008), Wshay nwebaw la zmany kurdida namay dktora, kolegy parwarday Ebnrushd – zankoy Baghdad.
-Mahammad,Abdulla Aziz: (1990), Gorany wataу wsha la zmany kurdida, kolegy adab, zankoy sallahadin
-Abdulrahim, Osman Karim: (2014), Wshay zmany kurdy w regakany dawllamandkrdny, namay mastar, kolegy zman – zankoy sulaymni.

**B-Kteb, ba Zmany Kurdi:**
-Shex Taeb, Shahab Tahir: (2020), *Bnama w pekhatakany zarawa la zmany kurdida*, dazgay chap w paxshy narin.
-Wlya, Hatam Muhammad: (2019), *Morfology, Chapy yakam* – Hawle.r

-Ahmad, Bestun Hasan: (2012), Komalla wsha w pekawahatin la zmany kurdida, chapxanay larya – Sulaymani.

-Crystal, David: (2020), *Kurtayak la mezhuy zman*, W.Sarbast Jihad, chapy yakam, nawandy Awer bo chap w bllawkirdnawa.

-Rahimy,Kamaran: (1388), *Bnamakany wshasazy w wsharonan la zmany kurdida,* chapy Yakam, Saqz – Kurdistan.

-Xareeb,Kamal Jalal; (2012), *Prozhay zaraway zanstyi kurdi*, chapy Dwam, chapxanay Aras – Hawler.

-Musa,Abdulwahab Xalid: (2009), Hez w awaza la dyalecti kurdi zhurwda, la bllawkrawakany akadimyay kurdi – Hawler.

-Sadiq,Faruq Omar: (2017), Zmannasy kurdi, yakxstnaway Sherwan Xoshnaw, chapy yakam, dazgay chap w paxshy nareen – Hawler,

-Fattah,Muhammad Maruf: (2011), *Zmanawany,* chapy seyam, chapxanay hajy hashm – Hawler.

-Mahwi,Mummad: (2001), *Zman w zansti zman*, dazgay chap w paxshi sardam bargi yakam – Sulaimany.

-……………………(2010) Morfology w bayakdachuny pekhatakan (Morfology Kurdi), bargi yakham – zankoy Sulaimany.

-Wedoson,H.D: (2008), *Saratayak bo Zmanawany,* W.Hoshang Faruq, chapy yakam, chapxanay Xany – Duhok.

-Amin,Wrya Omar: (2009), *Asoyakitry zmanwany*, bargy yakam, chapy Dwam, Hawler.

**C-Kteb, ba Zmany Begana:**

-Umar, Ahmad Mukhtar (1982) *Alm Aldalala*, Mktaba Dar alaruba llnashre waltauzia- Alkuit.

-Olman,Steven(1975), *Dawer Alklma fe Alluxa_*, Targuma: Kamal Muhamad Bashir, Manshurat Maktaba Alshabab – Alqauira.

- Farx, Sahahda u Akhru (2006) *Muqadma fe Alluxauiat Almuasera* , Altbaa Althaltha, Daruaal Llnasher . Uman –Alarden.

-Talary , Fatima Sadat(1393), *Sakht Znan Farsi*, Grdaurdi u Tanzim Sab Za- Danshga Mfed.

-Stagaberg, Norman C.: (1981), *An Introductory English Grammar*,Fourth Edition, Rinehart and Winston, U.S.A.

-Lakoff G Johnson M. :(2003), *Metaphors we live By* Chicago,University of Chicago press.

**D- Govar:**

-Brzo & Aziz, Omed barzan w Omed Ahmad: (2019), *hokara komallayatyakan w hamajori la zmanda*, govari zanstyi zankoy Jihan,_bargy (3), zhmara (2) – Sulaimany.

-Brzo & Hamid, Omed barzan w Hersh Kareem: (2017), *baryakkawtny zmanakan w dawllamandkirdny farhangy zman*, govary zankoy rapareen – sally chwaram, zhmara (13).

-Ahmad,Bestun Hasan: (2016), *kshan w taskbunaway wata paywst ba komalla wshawa*, govary zankoy rapareen, sally seyam, zhmara (9).

-Kanaby & Qadr, Dler Sadq w Sami Husain: (2018), Babarhamy prosay lekdan la zmany kurdida, govary twezhar – zankoy Soran, bargy_yakam, zhmara (2) – Soran.

- Muhammad & Hashm, Dana Tahsin w Zheno Baxtyar: (2020), *babarhamy giraka wsha darezhakani chawg la Shewazari Hawramida*, govary twezhar zankoy Soran, bargy (3), zhmara (1) – Soran.

-Kakl & Saed, Qais w Usif Shareef: (2012), *twezhinawakany konfransi zansty zmany kurdi*, la (19 – 22y ayluly 2011 – Hawler), chapy_yakam, chapxanay roshnbiry - Hawler.

-Ali,Fatah mama: (2004), taskbunaway wata la zmany kurdida, govary zankoy Sulaimany, zhmara (13), bashi (B).

-Amin, Wrya Omar: (2014), *Morfosyntax wak sarchawayak bodarshtni wsha la zmany kurdida*, govari akademyay kurdi, zhmara (29), chapxanay haji hashm - Hawler.